# ڕاپۆرتەکانی
# سێیەمین کۆنگرەی
# حزبی ڕزگاریی کوردستان

سێیەمین کۆنگرە لەڕۆژانی 25-12-2009و
1-1-2010 لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو

# راپۆرتەكانی
# سێیەمین كۆنگرەی
# حزبی رزگاریی كوردستان

1-راپۆرتی سیاسی لەلایەن هەڤاڵ **رێكار ئەحمەد** پێشكەش كراوە.

2-راپۆرتی دارایی لەلایەن هەڤاڵ **سەردار محەمەد** پێشكەش كراوە.

3-راپۆرتی راگەیاندن لەلایەن هەڤاڵ **ئاری حوسێن** پێشكەش كراوە.

# ڕاپۆرتی سیاسی

که لەلایەن هەڤاڵ سکرتێری گشتی حزبەوە پێشکەش بە سێیەمین کۆنگرە کراوە.

هێژایان، نوێنەرانی کۆنگرە!
سڵاوی رزگاری و سەرخۆبوونتان لێبێ.
سەرەتا بە ناوی خۆم و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستانەوە بە گەرمیەوە بەخێرهاتنتان لێ دەکەم، بەو هیوایەم کە هەرکات شادو سەرفراز و بەختەوەر بن.
ئامادەبووانی هێژا! بێگومان دەزانن کە ئەمڕۆ لێرە بۆ بەڕێوەبردنی سێهەمین کۆنگرەی حزبمان، لە دەورەی یەکتر کۆبووینەتەوە، ئەمەش بۆنەیەکی پیرۆزو واتادارە، بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانی رابردوومان، بۆ پلانرێژکردنی بەرنامەی داهاتووی رزگاریش وێستگەیەکی گرنگ و بایەخدارە، بەوهۆیەوە بە پێویستی دەزانین لە راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی حزبدا ئاماژە بە رەوشی رۆژهەڵانی ناڤین، باشووری کوردستان و رەوشی ناوەخۆی حزبی رزگاریی کوردستان بکەین.

# ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین

لە دوای دووەمین کۆنگرەی حزبمانەوە تا ئێستا، واتە لە پێنج ساڵی ڕابردوودا، ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەگشتی و ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان پێوە لکێنراوە بە تایبەتی، ڕووداوی جۆراوجۆریان بەخۆیەوە بینیوە، گۆڕانکاریان بەسەرداهاتووە، ئەوەش وا دەخوازێ ئاماژەیان پێبدەین و لێیان وردببینەوە.

لە دەستپێکی ساڵی 2005، واچاوەڕان دەکرا کە کێشەی نێوان عەرەب و ئیسرائیل بەرەو یەکلاییکردنەوە بڕوات، فەلەستینی و ئیسرائیلیەکان بۆ یەکجاری ئاشت ببنەوەو دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستینی ڕابگەیەندرێ، بەڵام ڕەوشەکە بەرەو گرژی و ئاڵۆزی زیاتر ڕۆیشت، سەرەتا دەوڵەتی ئیسرائیل بەبیانۆی ئەوەی کە گرووپە تۆندڕۆکان لە خاکی فەلەستینەوە موشەک بۆ شارو گوندەکانی ئیسرائیل دەهاوێژن، گەمارۆی هەمەلایەنەی بەسەر کەرتی غەززەدا سەپاند، دواتر بەبیانۆی ئەوەی کە گوایە سوریاو کۆماری ئیسلامی ئێران و هەندێک دەوڵەتی دیکە چەک و تەقەمەنی بۆ بزووتنەوەی حەماس ڕەوانە دەکەن و چەکدارە فەلەستینیەکانیش درێژە بە موشەک هاویشتن دەدەن، ناوچەکەی بەرەو شەڕێکی خوێناوی برد، لە 27ی دیسێمبەری ساڵی 2008 سوپای ئیسرائیل زۆر بە چڕی هێرشەکانی خۆی بۆسەر کەرتی عەززە دەستپێکرد، غەززە خۆی دەنێو خوێن و ئاگردا بینیوە. بەوهۆیەشەوە بە هەزاران کەسی سڤیل و لاشەر لە ژن و منداڵ گیانیان لەدەستدا، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی هەردوو لایەنی شەڕەکەیان، واتە دەوڵەتی ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماسیان تۆمەتبار کرد. لەژێر کاریگەری ئەو گوشارانەدا ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ناچار بوو لە هۆکارو ئاکامەکانی ئەو هێرشە بکۆڵێتەوە. دادوەر ڕیچارد جۆلدستۆن کە دادوەرێکی یەهودی باشووری ئەفریقایەو کەسایەتییەکی ناسراوەو سەرۆکی شانازی (فەخری) چەندین ڕێکخراوو دەستەی یەهودیە، لەگەڵ دەستەیەک دادوەری دیکە بۆ لێکۆڵینەوە سەرپشک کران. ئەمریکاو ئیسرائیل هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوون کە ئەو دەستەیە ڕاشکاوانە لایەنی ئیسرائیلی بە تاوانبارێکی گەورەی جەنگەکە بناسێنێ، بەڵام کاتێک ئاکامی لێکۆڵینەوەکە ئاشکرا کرا، هەردوو لایەنی حکومەتی ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماس وەک تاوانباری جەنگ پەنجەیان بۆ درێژکراو ڕاپۆرتەکە بەناوی ڕاپۆرتی جۆلدستۆن ناوبانگی دەرکرد. لە کاردانەوەیەکی چاوەڕوانکراودا یەهودیە توندڕۆکان لە ڕاگەیاندنەکانیاندا هێرشیان بۆ سەر ڕیچارد جۆلدستۆن دەستپێکرد، بەڵام ئەو لە دیدارێکی ڕۆژنامەی هائارتیسی

ئیسرائیلیدا گوتی:{ من یەهودی زایۆنیزمم، ئیسرایلیشم خۆش دەوێ و لە پێناویدا لە زۆر بواردا کارم بۆ کردوەو کچەکشم لە ئیسرائیلدا دەژی} ئەوەش واتای ئەوەبوو کە ئەو وەک دادوەرێک بێلایانەنە یاسا دەپارێزێ و جێبەجێی دەکات، هەروەها زۆر بە ویژدانەوە راپۆرتەکەی ئامادە کردوەو لاگیری لە نەتەوەکەی خۆی نەکردووە، بەوهۆیەشەوە هێندەی دیکە لەلایەن ئازادیخوازانی جیهانەوە رێزی لێگیراو گەواهی بێلایەنبوونی بۆ درا. راپۆرتەکە خرایە رۆژەڤی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکانەوە، بەڵام لایەنی عەرەبی بەتایبەتیش مەحمود عەباسی سەرۆکی دەستەڵاتی فەلەستین لەژێر گوشاری ئەمریکا هەوڵیاندا کە قسەکردن دەربارەی راپۆرتەکە بۆ کاتێکی دیارینەکراو دوابخرێ!
ئەو هەڵوێستەی سەرۆکی دەستەڵاتی فەلەستینی هەم گەلی فەلەستین و هەمیش جیهانی عەرەبی دووچاری سەرسوڕمان کرد، تەنانەت ناوەندەکانی رای گشتی جیهانی و رێکخراوی لێبوردنی نێودەولەتی داخباری خۆیان بۆ دواخستنی راپۆرتەکە پێشانداو لە بان کی مۆن، سەرۆکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیان خواست کە هەرچی زووترە راپۆرتەکە بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش رەوانە بکات.
ئێستا لە ژێرگوشاری ئەو راپۆرتەدا حکومەتی ئیسرائیل هەوڵدەدات رەوشەکە خاو بکاتەوە، بەبیانۆی هەوڵدان بۆ ئازاد کردنی سەربازە دیلکراوەکەی (گێلعات شالیت) دەستپێشخەری دەکات ژمارەیەکی زۆر گیراوی فەلەستینی ئازاد دەکات، جارێکیان 23 ژن و جارێکی دیکەش 530 گیراوی دیکەی ئازاد کردوە، هەورەها دەیەوێ لە داهاتوویەکی نزیکدا 450 گیراوی دیکە کە بزووتنەوەی حەماس ناوەکانیان هەڵدەبژێرێ، ئازاد بکات، بێگومان ئەوانەش بە قازانجی بزووتنەوەی حەماس تەواو دەبن.
لە خوێندنەوەی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە سەردەمی چاوپۆشیکردن لە تاوانی دەستەڵاتدارانی نۆکەرو گوێڕایەڵی رۆژئاوا! ئەوانەی کە زۆرداری و ستەم بەڕێوەدەبەن، بەرچووە. ئەگەر جاران ئەمریکاو وڵاتانی ئەورووپاو جیهانی یەهودی بێئەملاو ئەولا پشتیوانیان لە دەوڵەتی ئیسرائیل دەکرد، بۆ درێژەدان بە کوشتن و شەڕکردن لە دژی فەلەستینیەکان کۆمەک و هاوکاریان پێدەکرد، ئێستا دەبینین کە دادوەرێکی بە ویژدانی وەک ریچارد جۆلدستۆن بێلایەنانە لە شەڕی نێوان ئیسرائیل – فەلەستین دەکوڵێتەوەو بڕیار دەدات، وڵاتانی ئەورووپاو ئەمریکایش لەژێر گوشاری رای گشتی و رێکخراوەکانی

مافی مرۆڤ ناتوانن تاوانەکانی حکومەتی تەلئەبیبی هاوپەیمانیان پەردەپۆش بکەن. هەروەها وانەی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززە بەبیرمان دێنێتەوە کە هێشتا بەرپرسانێک هەن پێ لە بەرژوەندەکانی نەتەوەکەیان دەنێن، بۆ درێژکەردنەوەی دەستەڵاتەکەیان و مانەوەیان لەسەر کورسی فەرمانڕەوایەتی، درێژە بە نۆکەرایەتی دەدەن و دژ بە ویستی نەتەوەکەیان بڕیار دەدەن و هەنگاو هەڵدەگرنەوە.

هەر لە پێوەند بە کێشەی نێوان ئیسرائیل- فەلەستین، هەموو ئەو هەوڵانەی کە بۆ بوژاندنەوەی دانوستاندنەکانی نێوانیان دراون ناکام ماونەتەوە، تەنانەت نێردەی باراک ئۆبامای سەرکۆماری ئەمریکاش لە دوایین سەردانی خۆیدا ناڕاستەوخۆ بێهیوابوونی خۆی بە مێدیاکان راگەیاند. لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵی تورکیا بۆ ناوبژیوانی لەنێوان سوریاو ئیسرائیلیش ناکام ماونەتەوە، تەنانەت لە مانگی رابردوودا نیکۆلای سارکۆزی سەرۆکی فەرەنسا بەمەبەستی ئاشتی نێوان سوریاو ئیسرائیل دەستپێشخەری کردو تاک لایەنە لەگەڵ ناتانیاهۆی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل و بەشار ئەلئەسەدی سەرکۆماری سوریا کۆبۆوە، بەڵام وەک خۆیا بوو کە هەوڵەکەی ئەویش ناکام ماوەتەوەو ناشزاندرێ کەی و چۆن کۆتایی بەو کێشانە دەهێندرێن. یەکلایینەکردنەوەی کێشەی نێوان ئیسرائیل- فەلەستین کاریگەری نەرێنی لەسەر کێشەی کوردستان داناوە، چونکە هەرکاتێک کێشەی عەرەب- ئیسرائیل کۆتابێ، کێشەی کوردستان وەک یەکەمین و گەورەترین کێشەی چارەسەرنەکراوی رۆژهەڵاتی ناڤین خۆی دەنوێنێ، ئەوکاتەش وڵاتە بڕیاربەدەستەکانی جیهان ناچار دەبن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان هەنگاو هەڵبگرنەوە. راستیەکەی ئێستاش ئەو کێشەیە، بەتایبەتیش کێشەی کوردی باکووری کوردستان گەیشتۆتە نێو رۆژەڤی کۆبوونەوەکانی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپاوە، واشچاوەڕوان دەکرێ کە دوای کۆتابوونی کێشەی فەلەستینیەکان، نۆرەی کێشەی کوردستان بێ و بە چڕتر قسەی لەسەر بکرێ.

تورکیا وەک وڵاتێکی گەورەی ناوچەکە لە دوای هاتنە سەرکاری پارتی دادوگەشەپێدان کە رەوتێکی ئایینی میانڕۆیە، بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی دەستەڵاتەکەی هەوڵیداو ئێستاش دەیەوێ بۆ چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکانی نێوخۆی وڵاتەکەی هەنگاوی کردەیی هەڵبگرێتەوە کە کێشەی کوردی باکووری کوردستان لە سەرووی هەموویاندایە. بەو ئامانجەو لەژێر گوشاری یەکێتیی

ئـەوروپادا سـوکە هـەنگاو بـۆ ئـازادکردنی زمـانی زگمـاکی نەتـەوەکان هەڵگرتـەوە، سـەرەتای سـاڵی 2009 کـەناڵی تەرەتـە شـەش وەک یەکـەمین کـەناڵی کـوردی بـە فـەرمی و لـە لایـەن سـەرۆکوەزیرانەوە کرایـەوە. هـەروەها لـە ڕۆژی 13ی تشـرینی دووەمـی ئەمسـاڵدا هـەنگاوی کرانـەوە بـەڕووی کێشـەی کـورد لـە چوارچێـوەی هەنگاوی کرانەوەی دیموکراتی خرایە ڕۆژەڤی کۆبوونـەوەکانی پەرلـەمانی تورکیـاوە، بـەڵام لەلایـەن نوێنـەرانی پارتـە ئۆپۆزیسـیۆنەکانەوە دژایـەتی کـرا، هەرچەنـدە کـە سـەرکردەکانی پارتی دادوگەشـەپێدان کـە زۆرینـەی کورسـیەکانی پەرلـەمانی هەیـەو بەتەنیا حکومەتی ئێستای تورکیای پێکهێناوە، بەڵێن دەدەن کە درێژە بە هەنگاوەکانی کراوەنەوە بە ڕووی کێشەی کورددا بدەن، بـەڵام لـە ڕووداوێکی چاوەڕوان کـراودا ڕۆژی11ی ئـەم مانگـە، واتـە ڕۆژی 11-12-2009، دادگـەی دەسـتوری تورکیـا بڕیـاری داخسـتنی پـارتی کۆمەڵگـەی دیمـوکراتی دا. ئـەو بڕیـارە لەلایـەن کوردستانیانەوە ڕەتکرایەوە، هەروەها هاوهەڵوێستی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی بەرهـەمهێنا، لەلایـەکی دیکەشـەوە کاردانـەوەی جۆراوجـۆری لێکەوتـەوە، یـان کیلـی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا داخباری خۆی دەربڕی و ڕایگەیاند بۆ ئـەوەی تورکیا ببێ بە سیستمێکی دیموکراتی و خەڵکەکەی لـە دەربڕینی بۆچوون و ڕامـانی خۆیـان ئـازاد بـن، وا پێویسـت دەکـات کـە درێـژە بـە پرۆسـەی گۆڕانکـاری بـدات. سـەرۆکی خـولی ئێسـتای یـەکێتی ئـەوروپا ڕایگەیانـد: ئـەو بڕیـارە زۆر ترسـناکەو دەتوانین وەک لێدانێک لە سیستمی دیموکراسی لە تورکیا هەڵیبسـەنگێنین و داواشـی کرد کە گۆڕانکاری بەسەر یاسای پارتـە سیاسیەکان لـەتورکیا دابێ. زۆربـەی پارتـە سیاسیەکانی ئەوروپا داخباری و نیگەرانی خۆیان پێشانداو داوایان لە تورکیا کرد کە چاو بـە بڕیارەکە دابخشـێنێتەوەو کێشـەی نێوەخـۆی قوڵتر نەکاتـەوە. ڕاستیەکەشـی بەهۆی ئەو بڕیارەوە کێشـەو قەیرانـەکانی تورکیا بـەرەو قوڵبوونـەوە دەڕۆن، ئەگـەر لێی پاشگەز نەبنەوە، لەوانەیە ڕەوتی سیاسی تورکیا بەرەو ئاقارێکی دیکـە بـڕوات و بۆ دواوە بگەڕێتەوەو یەکێتی ئەوروپا هەرگیز دەرگەی بە ڕوویدا ناکاتەوە.

ئێمە پێمانوایە کە چۆن سیاسـەتی نکۆڵیکردن لـە ناسـنامەی نەتـەوەیی کـورد لەلایـەن تورکانـەوە بـە درێژایـی سـەدەی ڕابـردوو نـەیتوانی هەسـتی نەتـەوەیی بسـڕێتەوەو تێکۆشانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لەبێن ببات، هەروەها چۆن بە داخستنی دەپ و هەتەپ ڕێ لە کاروانی ڕێکخراوەیی کوردسـتانیان نـەگیرا، ئێسـتا بەهـەمان شـێوە بـە داخستنی دەتەپە مێژووی تێکۆشانی ڕێکخراویی کۆتایی نایەت. چۆن لە ڕابردوودا لە

ئاکامی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی فەرمانڕەوایانی ئەنکارا، دەوڵەتی تورکیا دووچاری دەیان کێشەو گرفتی نێوەخۆو دەرەکی ببۆوە، ئێستاش بە چارەسەرنەکردنی پرسی کوردو بەداخستنی پارتی جڤاکی دیموکراتیک قەیرانێکی دیکە دێتە ئاراوەو گوشارەکانی نێودەوڵەتیش چڕوکاریگەرتر دەبنەوە.
هەر ئێستاکە پاتی گەلی کۆماری بە سەرۆکایەتی دەنیز بایکال و بزووتنەوەی نەتەوەپەرستی بە سەرۆکایەتی باخچەلی بەهۆی هەڵوێستەکانیانەوە دژ بە دۆزی کورد، بەرەو لاوازی و هەڵوەشانەوە دەڕۆن، بەوهۆیەوە سەدان ئەندام و بەهەزاران لایەنگریان لەدەستدا، تەنانەت کاتێک سکرتێری گشتی پارتی کۆماری لە لێدوانێکدا سەبارەت بە قڕکردنی پەکەکە، رەوایەتی بە کوشتاری دەرسیم دا کە ساڵی 1937 لەلایەن سوپای تورکیاوە دژ بە کوردانی عەلەوی ئەنجامدراوە، دەیان بەرپرس و هەزاران ئەندامی کوردی عەلەوی ئەو پارتە هەڵوێستیان وەرگرت و وازیان لە پارتی گەلی کۆماری هێناو لایەنگری خۆیان بۆ نەتەوەکەیان راگەیاند.
کرانەوە بە رووی کێشەی کورد لە تورکیا کە ئێستا بە پڕۆسەی کراوەنەوە بە رووی دیموکراتی ناودێراکراوە، هەروەها دژایەتیکردنی ئەو پڕۆسەیە لەلایەن هەردوو پارتی ئۆپۆزیسیۆن و بڕیاری داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات **دەتەپە** دەمانگەیەنێتە ئەو راستیەی کە دۆزی کوردانی باکووری کوردستان پێشکەوتنی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە، پارتی دەستەڵاتداری تورکیا دەستەووەستان ماوەتەوەو ناچار بووە کە بۆ هێشتنەوەی سنووری وڵاتەکەی بیر لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بکاتەوە. هەروەها هەڵوێستی پاتی گەلی کۆماری و بزووتنەوەی نەتەوەپەرست و هەڵوێست وەرگرتنی ئەندامانی ئەو دوو هێزە دژ بە پارتەکانی خۆیان دەمانگەیەنێتە ئەو راستیەی کە هەستی نەتەوەیی لە باکووری کوردستاندا لە قۆناغێکی گەشەکردوو دایە، ئیتر نەتەوەپارێزان خاوەنداریێتی لە دۆزی رەوای نەتەوەکەیان دەکەن و پشت لەو هێزانە دەکەن کە دژ بە بەرژەوەندی نەتەوەی کورد هەنگاو هەڵدەگرنەوە. هەروەها بڕیاری دادگەی دەستووری تورکیا بۆ داخستنی دەتەپە پێماندەڵێ کە هێشتا رەگەزپەرستی لە تورکیا فەرانڕەوایەو کاربەدەستانی ئەنکارا ناتوانن لەگەڵ رەوتی گۆڕانکاریەکانی جیهان بڕۆن و راستیەکان پەسند بکەن.
ئێران وەک وڵاتێکی بەرفراوانی ناوچەکە، کاریگەری و پێگەی تایبەتی هەیە، بەڵام هێشتا بە کێشەی نەتەوەکانی نێوەخۆیەوە گیرۆدەیە، لەو دواییانەدا 73 ئەندام

پەرلەمانی ئێران لە نێویاندا نوێنەرانی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان، نامەیەکیان بۆ کاربەدەستانی باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران ناردو داوایان کرد کە خوێندن و نوسین بە زمانی زگماک بخرێتە واری کرداریەوە. لە نامەکەدا کە بۆ سەرکۆمارو گەورە بەرپرسانی دیکەی کۆماری ئیسلامی ئێران ناردراوە، داواکراوە تا بەندی 15ی قانونی بنەڕەتی وڵات جێبەجێ بکرێ و رێ بە خوێندن و پەروەردە بەزمانی دایک لە قۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی و زانکۆ بدرێ. ئەو پەرلەمانتارانە ئاماژەیان بە پەسەندکردنەوەی بەندی 15ی یاسای بنەڕەتی داوە کە لە دوایین دانیشتنی شورای ئینقلابی فەرهەنگی ئەو وڵاتەدا پەسندکراوەتەوە.
هەموومان دەزانین لە نێو سنوری ئێراندا جگە لە نەتەوەی فارس، نەتەوەی کورد، بەلوچ، تورک، عەرەب، تاتی، گیلەکی و مازندەرانی، هەن هەروەها هەندێک لە لوڕەکان خۆیان بە کورد نازانن و ئازەریەکانیش خۆیان بە تورک نازانن، بەوپێیە ئەوانیش بە نەتەوەی جیا پێوانە دەکرێن، زمانی ئەو نەتەوانەش لە هەندێک ئوستاندا زمانی زۆرینەی دانیشتوانن و ناتوانرێ چاوپۆشیان لێبکرێ.
لەلایەکی دیکەوە لە دوای پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئیسلامی ئێران کە لە رێی دەنگدانەوە هەڵدەبژێردرێ، کێشەو گرفتی گەورە لەنێوان هەردوو باڵی ریفۆرمخوازو پارێزگاریەکاندا سەری هەڵداوە، لە دواین هەڵبژاردن دا، مەحمودی ئەحمەدی نەژاد وەک پالێوراوی باڵی پارێزگارەکان بە براوە راگەیەندرا، بەڵام تا ئێستاش زۆرینەی ریفۆرمخوازەکان ئەو سەرکەوتنەی پارێزگاریەکان پەسند ناکەن، بەوهۆیەشەوە شارەکانی ئێران بە تایبەتیش تارانی پێتەخت چەندین جار نیگەرانی و پەشێوی بەخۆیەوە بینوە، تێکهەڵچوونی خوێناوی لەنێوان خۆپێشاندەران و هێزەکانی پۆلیس روویانداوە. لە لایەکی دیکەشەوە سزای لە سێدارەدان لەو وڵاتەدا شێوەیەکی ترسانکی وەرگرتووە، ئەوەش وایکردوە کە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و داکۆکیکار لە زیندانیە سیاسیەکان دەنگی ناڕەزایەتیان دژ بە دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرزتر بکەنەوە.
لەم دواییانەدا رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە راپۆرتێکدا باسی لە پێشلێکاریەکانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا کردووە، نووسیویەتی: پێشێلکاریەکان لە ماوەی 20 ساڵی رابردودا، خراپترین پێشێلکاربوون. رێکخراوەکە ئاماژەی بە ئەشکەنجە، دەستدرێژی، کوشتن و بێسەوروشوێن کردنی گیراوان کردووە. لەو راپۆرتەدا رێکخراوەکە داوا لە رێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران کردووە، رێ بە

پسپۆڕانی بواری مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان بدرێ، تا لێکۆڵینەوە لە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران بکرێ، بەڵام وێڕای هەموو ئەوانەشەوە هێشتا هەنگاوی کردەیی بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی نەتەوەکان و خوێندن بە زمانی زگماکی هەڵنەگیراوەتەوە، هێشتا رەوشی مافی مرۆڤ باش نەکراوە، کەچی حکومەتی تاران بۆ گەیشتن بە هێزی ناوکی کێبەرکی دەکات، بەوهۆیەشەوە لەلایەن ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپاوە هەڕەشەی لێدەکرێ. بۆیە ئاسۆی پێوەندی داهاتووی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بەبێ یەکلایی کردنەوەی دۆسێی چەکی ناوکی لەگەڵ کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا نادیارو ناڕۆشنە.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە بە سەرسەختترین دوژمنی خواستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کاری کردوەو کار دەکات، حەز بە بەرفراوانبوونی درزەکانی نێوەخۆی دەستەڵاتدارانی تاران دەکات، مەبەستێتی لە ئاکامی خرۆشانی شەقامی رای گشتی نێوەخۆ بە ئاوات و مەرامەکانی خۆی بگات، هەرچەندە لێرەو لەوێ بۆ بەچۆکداهێنانی کۆماری ئیسلامی ئێران باس لە هەموو ئەگەرەکان دەکات، بەڵام باوەڕ ناکرێ لە رەوشێکی ئاوەهادا بتوانێ گورزی سەربازی بوەشێنێ، دەستەڵاتدارانی تارانیش پەی بەو راستیە دەبەن، بۆیە لێبڕاوانەتر پێداگری لەسەر زۆر کردنی وێستگە ناوەکیەکان و بەردەوامبوون لە پیتاندنی یۆرانیۆم دەکەن و هەموو پێشنیارەکانی نێودەوڵەتی رەتدەکەنەوە. شانسی کۆماری ئیسلامی ئێران لەوەدایە کە کۆمەڵی نێودەوڵەتی هاوڕایەتی تەواو لەگەڵ واشنتن ناکەن، نایانەوێ شەڕێکی دیکە هەڵبگیرسێ، چونکە هێشتا برینەکانی شەڕی ئەفغانستان و عێراق ساڕێژ نەبوونەتەوە، هێشتا هێزەکانی ناتۆ لە ئەفغانستان و هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق لەژێر هەڕەشەدان و شیمانەی ئەوەش ناکرێ لە ساڵی داهاتووشدا تەرازووی شەڕەکە بە قازانجی خۆیان تەواو بکەن.

دەوڵەتی سوریا کە رۆژئاوای کوردستانی پێوەلکێنراوە، لەبەردەم گوشارەکانی نێودەوڵەتیدایە، لەلایەکەوە وڵاتە بڕیاربەدەستەکانی جیهان دەیانەوێ لەسەر مێزی گفتوگ لەگەڵ ئیسرائیل دایبنیشێنن و پرۆسەی ئاشتی رۆژهەڵاتی ناڤینی پێ بەرفراوانتر بکەن، لەلایەکی دیکەشەوە دەیانەوێ ناچاری بکەن کە بیر لە چەکی ناوکی نەکاتەوەو خەونەکانی بۆ وەدەستهێنانی ئەو چەکە بپوکێنێتەوە، بۆ گەیشتن بەو ئاواتەشیان، هەوڵدەدەن لە رێی کێشەی مافی مرۆڤ، کێشەی نەبوونی

ئازادیەکان و بێماف هێشتنەوەی کوردان شاننزمی بە حکومەتی دیمەشق بکەن و بە چۆکی دابهێنن.
رۆژهەڵاتی ناڤین بەوە ناسراوە کە پڕ کێشـەترین و گرگرتـووترین ناوچـەی جیهانـە، جگە لە کێشـەی نێوان عەرەب- ئیسرائیل، کێشەی کورد لەگەڵ ئەو چـوار وڵاتـەی کـە کوردسـتانیان پێـوەلکێنراوە، کێشـەی نێوەخـۆی وڵاتـی یەمـەن، بەتایبـەتیش کێشـەی نێوان باشوورو باکووری ئەو وڵاتـە لەبـەرچاوانن و بێچارەسـەر ماونەتـەوە. مـاوەی چەنـد مانگێکـە شـەڕێکی خوێنـاوی لـەنێوان چەکدارە حوسیەکان و سـوپای یەمـەن درێـژەی هەیـە. حکومـەتی سـەنعا ناکـام ماوەتـەوە، بۆیـە ئێـران و وڵاتـانی دیکـە بـە دەستتێوەردان لـە کاروبـاری نێوەخۆی وڵاتەکـەی تۆمـەتبار دەکات، هـەروەها داوای هاوکاری و یارمەتیش لە وڵاتانی وەک سعودیەو میسرو ئـەمریکا دەکات. حکومـەتی سەنعا بۆ پەردەپۆشکردنی کێشەی نێوان باشوورو باکووری وڵاتەکەی، بزووتنەوەی حوسیەکان بە یاخیبوون و دەستی دەرەکی دەناسێنێ، بەوە تۆمـەتباری دەکات کـە بزووتنەوەیـەکی کۆنـەپارێزو مەزهـەبی و خێڵەکیـە، لـەو سـۆنگەیەوە هەوڵـدەدات کـە هاوسـۆزی عەرەبـە سـوننەکان بـۆ خـۆی مسـۆگەر بکـات، لـە کردەوەشـدا سـوپای عەرەبستانی سعودی راکێشاوەتە نێو شەڕەکەوە.
بـە هـۆی بەشـداربوونی سـوپای عەرەبسـتانی سـعودی لـە لێـدانی بزووتنـەوەی حوسـیەکان دەنگـی نـاڕەزایی لەلایـەن کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران، حزبـە شـیعەکانی جیهـانی عــەرەبی و رێکخراوەکــانی داکۆکیکــار لــە مــافی مــرۆڤ بەرزبۆتــەوە. کاربەدەسـتانی عەرەبسـتانی سـعودی خۆیـان لـەژێر گوشـاری دەرەکیدا بینیوەتـەوە، بۆیە واچاوەڕوان دەکرێ کە سوپای عەرەبستانی سعودی نەتوانێ درێژە بـە هێرش و پـەلامارەکانی خـۆی بـدات. تێـوەگلانی سـوپای عەرەبسـتانی سـعودی لـە شـەڕی حوسیەکان ئەو راسـتیە ئاشـکرا دەکات کـە کێشـە و ململانێی دیکـە لـەنێوان وڵاتـانی ناوچەکـەدا هـەن و بـە شـاراوەیی درێژەیـان پێدەدرێ. بەتایبـەتیش کێشـەی نێـوان کۆماری ئیسلامی ئێران و هەندێک لە وڵاتانی کەنداوی فارس.
ئێمە پێمـانوایە کە ململانێی نێوەخۆی یەمەن رەوشـێکی ئـاڵۆزی هێنـاوەتە ئـاراوە، بە حکومەتی ئێستا چارەسـەر ناکرێ، لەوانەیە لە دوا وێستگەدا بە راپەڕینی جەمـاوەری کێشەکە یەکلایی بکرێتەوەو حکومەتی عەلی عەبدوڵڵا سالح بروخێندرێ.
وڵاتـانی ئازەربایجـان و ئەرمەنسـتان کە لـە باوەشـی رۆژهـەڵاتی نـاڤین دان، کێشـەو ناکۆکییەکی قوڵیان لە نێوان دا هەیە، ئەگـەری هەڵگیرسـانەوەی شـەڕ لەسـەر ناوچـەی

ناگۆرنۆقەرەباغ لە ئارادایە، ئەگەر جارێکی دیکە شەڕێکی لەو جۆرە هەڵگیرسێتەوە، وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤین، وڵاتانی یەکێتی ئەوروپاو جیهانیش بەسەر دوو سەنگەری جیاواز دابەشدەکاتەوە، بۆیە ئێستا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئازەربایجان و ئەرمەنستاندا هەیە، هەوڵدەدات رێ لە گەورەبوونەوەی ناکۆکیەکان بگرێ.
گورجستان کە وڵاتێکی دیکەی رۆژهەڵاتی ناڤینە لەگەڵ کێشەی نێوەخۆدا رووبەڕوو بۆتەوە. ساڵی 1991 هەرێمی ئۆسێتای باشوور یەکلایەنە سەربەخۆیی خۆی راگەیاند، بەڵام گورجستان دانی پیانەنا، بەوهۆیەوە ناکۆکی و ململانێ لەنێوان دەوڵەتی گورجستان و دەستەڵاتدارانی هەرێمی ئۆسێتای باشوور قوڵتر بۆوە. رۆژی حەوتی ئابی2008 سوپای گورجستان لە پەلامارێکی خافڵگیرانەدا شاری چخینڤالی پێتەختی هەرێمی ئۆسێتای باشووری داگیرکردەوە، بەڵام دەوڵەتی روسیا بە توندی دژی ئەو هێرشە راوەستا، بەبیانۆی پارێزگاریکردن لە رووسەکانی هەرێمی ئۆسێتای باشوور، روسیا لەشکرکێشی بۆ ناو هەرێمەکە کرد، شەڕێکی خوێناوی هەڵگیرسا. دواتر بەهۆی گوشاری نێودەوڵەتیەوە ئاگربڕی لێکرا. بەهۆی ئەو شەڕەوە دەوڵەتی رووسیا سەربەخۆیی هەردوو هەرێمی ئەپخازیاو ئۆسێتای باشووری بە فەرمی ناسی، بەڵێنی هاوکاریکردنیشی پێدان، هەرچەندە کە جگە لە رووسیا هیچ وڵاتێکی دیکە دانی بە سەربەخۆیی ئەپخازیاو ئۆسێتای باشوور نەناوە، بەڵام بەوهۆیەوە ململانێ و کێشەی نێوانیان قوڵتربۆتەوە.
هێرش و پەلاماری سوپای گورجستان بۆ سەر هەرێمی ئۆسێتای باشوور، هەروەها پشتیوانیکردنی رووسیا لە هەرێمی ئۆسێتای باشوورو ئەپخازیا رووداوی سەرپێی نین، دەکرێ وەک وانەیەکی مێژوویی شرۆڤە بکرێن و چاویان لێبکرێ، پەسند نەکردنی دیفاکتۆی هەرێمە جیاوازەکان لەلایەن دەستەڵاتدارانی ناوەندی وڵاتە فرە هەرێمەکان شیمانەیەکی لەسەر پێیە، دەبێ ئێمەی کوردستانی بە هێندی وەربگرین و فەرامۆشی نەکەین، پێویستە بەردەوام جەخت لەسەر یەکهەڵوێستی و هاوهەنگی نێوان هێزە کوردستانیەکان بکەینەوە، لەوانەیە دەستەڵاتدارانی بەغداد رۆژێک لە رۆژان بۆ داگیرکردنەوەی هەرێمی کوردستان بیر لە هێرش و لەشکرکێشی بکەنەوە، بۆیە گەرەکە لێکدانەوەی ورد بۆ ئەو ئەگەرە بکەین و پلانی خۆپارێزی بۆ دابڕێژین. هەروەها پشتیوانیکردنی رووسیا لە هەردوو هەرێمی ئەپخازیاو ئۆسێتای

باشووریش نموونەیەکی زیندووەو دەتوانین لە داهاتوودا سوودی لێوەربگرین و پشتیوانی هێزی دەرەکی لەبیر نەکەین.
لەلایەکی دیکەشەوە جۆش و خرۆشی نێو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤین بەرەو ئاقارێکی چاوەڕواننەکراو رێی گرتووە، لە داهاتوویێکی نزیکدا خۆیا دەبن، ئەگەری بەهێز ئەوەیە کە رژێمە دیکتاتۆرو داسەپاوەکان لەبەرانبەر رق و رابوونی جەماوەر خۆیان نەگرن و هەڵتەکێن، بەوهۆیەوە زۆر گرنگە کە بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستان هەر لە ئێستاوە ئامادەکاری بۆ گۆڕانکاریە چاوەڕوانکراوە بکات وپێوانەیان بۆ بکات.

## رەوشی باشووری کوردستان

لە دوای دووەمین کۆنگرەی حزبمانەوە کە لە رۆژانی 14و15ی تشرینی یەکەمی ساڵی 2004 لە شاری سلێمانی، پێکهێنرا، تا ئێستا گۆڕانکاری گەورە لە گۆڕەپانی سیاسی باشووری کوردستاندا روویانداوە، ئەمەش وادەخوازێ کە ئاماژەیان پێبدەین، شرۆڤەیان بکەین و لێکیان بدەینەوە، لە کلاورۆژنەی گۆڕان و رووداوەکانی رابردووەوە بەرنامەڕێژی بۆ کارو چالاکیەکانی داهاتوومان بکەین.
هەموومان لەبیرمانە کە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە 31ی کانوونی دووەمی 2005 بەڕێوەچوو، هاوکات ریفراندۆمێکی نافەرمی شان بەشانی ئەو هەڵبژاردنە بەمەبەستی راوەرگرتن لەسەر دیاریکردنی چارەنووس لە باشووری کوردستان بەڕێوەچوو، خۆشبەختانە زیاتر لە 97% خەڵکی کوردستان دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا، بەڵام بەهۆی نەبوونی یەکگوتاری سیاسی، بەهۆی تەنگژەو ئاڵۆزی و ناتەبایی و ململانێی نێوەخۆوە، بەهۆی گوشارە دەرەکیەکان و نەبوونی خوێندنەوەیەکی راستبینانەی هاوکێشە سیاسیە نێودەوڵەتیەکانەوە، سوودی لێوەرنەگیراو خەوێندرا، بە دڵنیاییەوە دەڵێین: ئەگەر وەکو پێویست رەفتار لەگەڵ ئاکامی ئەو راپرسیەدا بکرابایە، ئەمڕۆ باشووری کوردستان لە رەوش و قۆناغێکی گەلێک جیاوازتردا دەبوو، بەڵام بەهۆی ئەو راپرسیەوە بۆ هەموولایەک ئاشکرابوو کە کوردستانیان پێداگری لەسەر رزگاری و سەربەخۆیی نیشتمانەکەیان دەکەن، راستوێژانە مەیل و خواستی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیان لە ناخیاندا هەڵگرتووە.
دوای رووخانی رژێمی بەعس، سیستەمی بەڕێوەبردن لە عێراق بە رێککەوتنی نوێنەرانی پێکهاتەکان بڕیاری لەسەر درا، هەروەها بەبەشداری نوێنەرانی کوردستان

ڕەشنووسی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ عێراق گەڵاڵەکرا، لە راپرسیدا دەنگی لەسەردرا. لەو دەستوورەدا فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان سەلمێندراوە، واتە دیفاکتۆی هەرێمی کوردستان پەسند کراوە. ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە ئاکامی یەکانگیربوونی هەردوو فاکتەری ناوخۆی و دەرەکی، ئاوێتەبوونی بەرژەوەندەکانی کوردستانیان و وڵاتانی بڕیاربەدەست و زلهێز هاتۆتەبوون و لەسەر پێی خۆی راوەستاوە، پاراستنی ئەو ئەزموونەی کە بەرهەمی خوێنی شەهیدان، قوربانیانی گەل و شەونخوونی خەڵکەکەیەتی بەیەکهەڵوێستی و هاوخەباتی هەموو رێکخراوو هێزە سیاسیەکانی کوردستان و یەکێتی ریزەکانی گەل دابین و مسۆگەر دەبێ، بۆیە ئێمە لە حزبی رزگاریی کوردستاندا پشتیوانی تەواو لە فیدراڵیز هەرێمی کوردستان دەکەین و بەهەموو هێزێکمانەوە داکۆکی و پارێزگاری لێدەکەین، بەهەنگاوێکی ئەرێنی و راستینی دەبین بۆ گەیشتن بە رزگاری و سەربەخۆیی یەکجارەکی.

هەڤاڵانی هێژا! هەروەک لە بیرتانە، دوای هەڵبژاردنی ساڵی 2005 کوردستانیان چاوەڕوانی جێبەجێکردنی ماددەی 140یان دەکرد، پێیانوابوو لە کات و وادەی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ دەکرێ و کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان یەکلایی دەبێتەوە، بەڵام ئێمە لەحزبی رزگاریی کوردستاندا پێمانوابووەو پێمانوایە کە دەوڵەتی عێراق بەو پێکهاتەو سنوورەی ئێستایەوە بە ئاسانی دیموکراتیزە ناکرێ، لە داهاتوویێکی نزیکیشدا درەخت و چەکەرەکانی رەگەزپەرستی و دەمارگیری تێدا هەڵناکێشرێ، هەروەها پێشمانوابووە کە دیموکراسی بە شێوازی سەرمایەدارانە لە توانای دانیە کە کێشەی نەتەوەیی نیشتمانە بەیەکەوە لکێنراوەکان چارەسەر بکات، لەو سۆنگەیەوە هەر لەیەکەمین رۆژەوە رامانگەیاند کە باسکردن لە ماددەی 140، یاریێکی دیکەی خاپاندنەو لەلایەن دەستەڵاتدارانی نەتەوەی سەردەستەوەوە جۆشدەدرێ، دوایی دەستی دەستی پێ دەکرێ، ئاکام دوور دەخرێتەوە و بە فەرامۆشی دەسپێردرێ. زۆر جارانیش ئەو رامانەی خۆمان لە رۆژەڤی هەفتەنامەی رۆژی گەل و لە چەندین کۆڕو سیمینارو لێدوانی دیکەدا دووپات کردۆتەوە. ئەوێ رۆژێ لەسەر ئەو بۆچوون و رامانانە گەلێک ناوەندو لایەن دژایەتیان کردین، ئێمە دەمانگوت: {رازی بوون بەوەی کە کەرکوک و ناوچە دابڕاوو دیمۆگرافیا گۆرداوەکان بخرێنە ناو مادە 58 ی یاسای کاتیەوە هەڵەیێکی مێژوویە} دوایش کە لە مادەی 140 دەستوری هەمیشەیی عێراق نووسرایەوە، رامانگەیاند :{ ماددەی 140 بۆ چاوبەستەکی نووسراوە، ناکام دەمێنێتەوەو جێبەجێ ناکرێ ،رۆیشتنە

لەسەر هەڵەی مێژوویی و ئاکامێکی خراپێ لێدەکەوێتەوە} بەڵام دیتران پێیانوابوو، 140 ماددەیەکی دەستووریە، خۆگنخاندنی تێدا ناکرێ و لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ دەکرێ!
ئەگەر بەپێی مادەی 140ی دەستوری هەمیشەیی عێراق بوایە، دەبوو تا کۆتایی ساڵی 2007 هەنگاوەکانی ئاساییکردنەوە، ئامارکردنەوەی سەرژمێری گشتی و ریفراندۆم لە کەرکوکو ناوچە جێناکۆکەکاندا بەڕێوەبچووبا، لەو رێگەیەشەوە خەڵکی ئەو ناوچانە بڕیاریان لەسەر گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان یان مانەوەیان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ناوەندیدا بدابوایە، ئاکام دوای درێژکردنەوەی یەک لایەنەی ماوەی ماددەی 140 بۆ شەش مانگی دیکە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان، دواتر سپاردنی بە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئێستا دەبینین چارەنووسی ئەو ماددەیە لە نێوان مان و نەماندا راگیراوە.
پاش ئەوەی ماددەی 140 لە کاتی درێژکراوەیشیدا جێبەجێ نەکراو بە فەرامۆشی سپێردرا، هەروەها بۆ ئەوەی جارێکی دیکە باس لەو ماددەیە نەکرێتەوە، لایەنە عەرەبیەکان یاری دیکەیان هێنایە گۆڕێ، لەو رێگەیەشەوە خەڵکی کوردستانیان دووچاری کێشەو گرفتی لابەلا کردەوە. دواتر لە ساڵی 2008 دا حکومەتی نوری مالکی زۆر راشکاوانە گوشارەکانی خۆی بەمەبەستی بێکاریگەکردنی کورد لە ناوچە جێناکۆکەکاندا دەست پێکرد، بەو هۆیەشەوە ململانێی ئاشکرا لەنێوان حکومەتی ناوەندو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا سەریهەڵدا کە تا ئێستاش دانەمرکاوەتەوە.
رووداوەکانی پێنج ساڵی رابردوو، واتە لە دوای پێکهێنانی دووەمین کۆنگرەی حزبی رزگاریەوە تا ئەمڕۆ، ئەو راستیەیان دووپات کردۆتەوە کە هەر کێ لە ناوەندا فەرمانڕەواو باڵادەست بێ، هەوڵی بێمافکردنی کوردستانیان دەدات. مانۆڕی تەمموزی 2008 سەبارەت بە کەرکوک لە یاسای هەڵبژاردنە هەرێمیەکان، مانۆڕی بەڕێوەبردنی سەربازی لە خانەقین و وتارە ئاگریناویەکانی نوری مالکی بۆ بەهێزکردنەوەی ناوەندو هەموارکردنەوەی دەستوور، چەند نموونەیەکی ئاشکران، هەروەها لە دوای ئەیلولی ساڵی 2008یشەوە، نوری مالکی سەرۆکوەزیرانی عێراق ناوچە جێناکۆکەکانی کردە ئامانجی سەرەکی خۆی، شولی لێهەڵکێشا و راشکاوانەتر کەوتە دژایەتیکردنی خواستی کوردستانیان. ئیدی حکومەتی بەغداد هەنگاوەکانی خۆی بۆ بێکاریگەرکردنی کورد لە ناوچە جێناکۆکەکاندا چڕکردەوە، لە کۆتایی ساڵی 2008دا لیوای 12ی سوپای عێراقی لە کەرکوک جێگیرکرد، بانگەشەی نایاسایی

بوونی بۆنده نەوتیەکانی بەرزتر کردەوە، راشکاوانه داوای کرد که هێزی پێشمەرگه بۆ هێڵی شین یان سەوز، واته بۆ شوێنی بەر لە رووخانی رژێم بکشێتەوە، دواتریش لە کردەوەدا پەکی ئەو پێنج کۆمیتەیەی خست که بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی پرسی ناوچه جێناکۆکەکان، بەشداریکردنی دەستەڵات، چاکسازی دەستووریی، ئاسایش و پێشمەرگه، سیاسەتی دەرەوەو ئابووری و نەوت و گازەوه پێکهێنرابوون.
دوای سەرکەوتنی لیستی حەدبا لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوادا، نیازو رەفتاری عەرەبه دەمارگیرەکان خۆیا بۆوه، سەڵمێندرایەوه که ئەوان دەست لە زەوتکردنـی مـافی کوردسـتانیان هـەڵناگرن و واز لـه دژایـەتیکردنی خواسـتی کوردستانیان ناهێنن. هەروەها لێدوانەکانی ئوسامه نوجەیفی، ئەحمەد ئەبو ریشه، سالح موتلەگ و هاوشێوەکانیان باشترین بەڵگەن که هەرکاتێ دەستەڵاتیان هەبێ درێـژه بەچەوسـاندنەوەی نەتـەوەکانی دیکـه دەدەن و سـتەم و زۆرداری درێـژه پێدەدەنـەوە. ئێسـتا بـۆ هـەمووان خۆیـا بـووه کـه زۆربـەی عەرەبـەکان بـەبێ لەبەرچاوگرتنی مەیل و رامانی سیاسیان رێگری لە گەڕانەوەی کەرکوک و ناوچه دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەکەن، عێراق بەبەشێک لە نیشتمانی عەرەب دەزانـن، زۆر سەرسـەختانەش دژایـەتی هـەرێمی کوردسـتان بـه دەسـتەڵاتی ئێستایشیەوه دەکەن و ئەوەندەش به کوردستانیان رەوا نابینن.
بـۆ تێپەڕانـدنی ئـەو رەوشـه، بـۆ مسـۆگەرکردنی مافـه نەتـەوەیی و رەواکـانی کوردستانیان، بۆ گێڕانەوەی ناوچه بەزۆر دابڕاوەکان و دیمۆگرافیا شێوێندراوەکان، پێویسته هێزه کوردستانیەکان، بەتایبەتیش حکومەتی هەرێمی کوردستان شێلگیرانەو لێبڕاوانـەتر تێبکۆشـێ، ئەگـەر حکومـەتی ناوەنـد هـەروەک ئێسـتا رێگـری لـه بـەرێوەبردنی ریفرانـدۆم دا بکـات، زۆر گرنگـه کـه کوردسـتانیانی ئـەو ناوچانـه بـۆ رێپێوان و خۆپێشاندان هان بدرێن و پشتیوانیان لێبکرێ، دەبێ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پارێزگاریکردنی تەواو لە دانیشتووانی ئەو ناوچانەدا پڕچەک و ئامادە بکرێ، چونکه رووداوەکانی پێنج ساڵی رابردوو وەک زەنگی مەترسی هۆشداری پێداوین و تێیگەیاندووین که هیچ ئەلتەرناتیڤێک سوودی نیه، هێزه دەمارگیرەکانیش سەرسەختانه پێداگری لەسەر بەعەرەبکردنی ناوچه دابڕاوەکان دەکەن، بەناچاریەوە تخـوبی نێـوان هێـزی پێشـمەرگەو سـوپای بـەعس، واتـه سـنووری نێـوان هـەرێم و حکومـەتی بـەعس بـەر لـه سـاڵی 2003 دەسـەڵمێنن و دەنـا هـەر شـتێکی دیکـه رەت دەکەنەوە.

حزبی رزگاریی کوردستان زۆر دەمێکە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی باشووری کوردستان لەگەڵ عێراق دروشمی بەڕێوەبردنی ریفراندۆمی بەرزکردۆتەوەو خەباتی بۆ دەکات، بەڵام هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نەبووە کە لەسەر کوردستانیبوون یان عێراقیبوونی کەرکوک و ناوچەدابڕاوەکاندا ریفراندۆم بکرێ.
ئەگەر لە پێوەند بە کێشەی نەوت و گاز چاو بە لێدوانەکانی بەرپرسانی عێراق بخشێنینەوە، دەبینین کە حکومەتی بەغداد بەڵێنی خۆی بردەسەرو ئەو بۆندانەی کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیای DNO دی ئێن ئۆی نۆرویژی، ئاداکس پێترۆلیۆم و جەنەراڵ ئێنێرژی واژۆی کردبوون، پەسند نەکردو دانی پێدانەنان، بەڵام هەناردەکردنی نەوتی ئەو کێڵگەنەی کە لە ژێر دەستەڵاتی هەرێمی کوردستاندان ئەگەرچی لەرێی بۆرییەکانی ژێر دەستەڵاتی حکومەتی ناوەندیشەوە دەبن، بەسەرکەوتن بۆ حکومەتی هەرێم لێکدرایەوە، بەتایبەتیش کاتێک کە لە 1ی حوزەیرانی 2009 حکومەتی ناوەند ڕازی بوو نەوتی دوو بیری کوردستان رەوانەی دەرەوە بکرێ. پێشتر حکومەتی بەغداد سەرسەختانە رێگری لە هەناردەکردنی نەوتی ئەو کێڵگەنەدا دەکرد. ئێستا واپێشبینی دەکرێ کە لە کۆتایی ساڵی 2010 دا رۆژانە 450 هەزار بەرمیل رەوانەی دەرەوە بکرێ، لە ساڵی 2014یش رۆژانە بۆ یەک ملیۆن بەرمیل بەرز بکرێتەوە. بەپێی ئەو رێککەوتننامەیە داهاتی فرۆشتنی نەوتی کوردستان بۆ سەر سەندوقی گەشەپێدانی عێراق دەچێ. هەرچەندە زۆرێک پێیانوایە کە هەناردەکردنی نەوتی بیرەکانی ژێردەستەڵاتی هەرێمی کوردستان راستەوخۆ لە قازانجی کورد دانیە، بەڵام ئێمە پێمانوایە کە کوردستانیان مافی خۆیانە دڵیان بەو رێککەوتنەی نێوان هەولێرو بەغداد خۆش بێ، چونکە ئێتر هەرێمی کوردستان راستەوخۆ بەشداری لە بودجەی تێکڕایی عێراقدا دەکات و رێژەی 17% بۆ خۆی مسۆگەر دەکات، هەروەها هەناردەکردنی نەوت هەنگاوی گەیشتن بە ئامانجە دوورەکان بۆ راکێشانی سەرنجی نێودەوڵەتی بەرەو نەوت و گازی کوردستان کورتتر دەکاتەوە. بەوهۆیەشەوە داهاتووی کوردستان مسۆگەرو گەرەنتی تر دەبێ، لە روانگەی بەرژەوەندیەوە وڵاتانی جیهان بۆ لای هەرێمی کوردستان بادەدەنەوە و پشتیوانی لێدەکەن، هەروەها ئیدی تورکیاو وڵاتانی ئەوروپاش بە هاسانی پشتی تێناکەن و دەسبەرداری نابن و پێوەندیەکانی خۆیان گەشە پێدەدەن و قوڵتری دەکەنەوە.

هەڤاڵانی هێژا! لاتان شاراوەنیە کە لە یەکەمین پەرلەمانی هەڵبژێردراوی عیراقدا لە کۆی 275 کورسی، کوردستان75 کورسی هەبوو، لە دووەمین پەرلەمانی هەڵبژێردراویشدا بۆ 58 کورسی دابەزی، ئێستا کە ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمانی عێراق بۆ 325 کورسی بەرزکراوەتەوە، دەبین ژمارەی کورسیەکانی هەرسێ پارێزگاکەی ژێر دەستەڵاتی حکومەتی هەرێم ناگاتە 45 کورسی، ئەمەش بە واتایەیە کە رێژەی 17% دابەزیوە بۆ رێژەی 14%، ئەگەر واشبڕوات ئەوە لە نێو پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا هەوڵدەرێت بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ رێژەی 14% کەمبکرێتەوە. هەرچەندە کە عێراقی نوێ لەسەر بنەمای رێککەوتن (ئیتفاق)ی نێوان پێکهاتەکان دامەزراوەتەوە، لە پێکهێنانی کابینەکانی دوای رووخانی رژێمی بەعس ئەو سیستەمە کاری پێکراوە، بەڵام ئایا چ گەرەنتی و زەمانەتێک هەیە تا لە داهاتووشدا هەمان سیستەم درێژەی پێبدرێ؟!

هەر لەو برگەیەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە لە دوای دووەمین کۆنگرەی حزبمانەوە تا ئێستا دووجار هەڵبژاردنی پەرلەمان لە هەرێمی کوردستاندا بەڕێوەچوە، جارێکیان لە 31ی کانوونی دووەمی ساڵی 2005 و ئەوی دیکەشیان لە 25ی تەمموزی 2009. لە ئاکامی هەڵبژاردنی ساڵی 2005 کابینەی پێنجەم پێکهێنراو هەردوو ئیدارەکەی هەولێر و سلێمانی دوای لەتبوون و دابڕانێکی چەند ساڵە تێکەڵ کرانەوە، وێرای ئەوەی کە چەند وەزارەتێک بەدوانەیی مانەوەو ژمارەی وەزارەتەخانەکان سەرسوڕهێنەر بوون، بەڵام دیسانیشەوە بۆ ئاساییکردنەوەی رەوشی باشووری کوردستان هەنگاوێکی ئەرێنی و پێویست بوو. هەر لەرێی ئەو کابینەیەشەوە هەنگاوی بە دامەزراوەییکردن دەستی پێکرد و بە کردەوەش پرۆژە خزمەتگوزاریەکان بەرفراوانتر کرانەوە. لە ئاکامی هەڵبژاردنی 25ی تەمموزی ئەمساڵیش، کابینەی شەشەم پێکهێنراوەو بەڵێنی داوە درێژە بە پرۆژە خزمەتگوزاریەکان بدات، بەڵام وێڕای هەموو ئەوانەشەوە هێشتا باشووری کوردستان لە نێو تەنگژەو قەیرانی جۆراجۆردا دەتلێتەوە، هێشتا کێشەی کارەبا بە یەکجارەکی چارەسەر نەکراوە، رێگەوبانەکان بە تەواوی ئاوڕیان لێنەدراوەتەوەو نۆژەن نەکراونەتەوە، قەیرانی نیشتەجێبوون هەڕەشەیەکی ئاشکرایە، کێشەو گرفتەکانی لاوان بەرچاون و هەنگاوی پێویستیان بۆ هەڵنەگیراوەتەوە، هێشتا شارەکان پڕاوپڕن لە بارەگای چەکداری حزبەکان، شەقام و کۆڵانی گەڕەکەکان سیمای ئۆردوگەی سەربازیان لێ نەتەکێندراوە، کۆسپ و بەربەست و تاسەی

جۆراوجۆر شەقامە گشتیەکانیان هەراسان کردوون، زۆرینەی ئەو گوندو ئاواییانەی کە سوپای بەعس لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا خاپوری کردبوون، هێشتا بێخاوەن ماونەتەوەو وەکو پێویست ئاوەدان نەکراونەتەوە و لە پرۆژەی خزمەتگوزاری بێبەشن، جووتیارانی کوردستان خۆیان بێ پشت و پەنا دەبینن و هەندێکیان گلەیی ئەوە دەکەن کە زەویەکانیان لێداگیرکراوەتەوەو دیتران باخ و ڤێللاو کارگەیان لەسەردا دروست کردون. هێشتا دامەزراندن لە فەرمانگەکانی دەوڵەتدا بۆ ئەندامانی حزبە دەستەلاتدارەکان پاوان و قۆرخ کراون و دیترانیان لێ بێبەش دەکرێن، هێشتا تەزکیەو پاڵپشتی حزبی مەرجی یەکەم و سەرەکیە بۆ دامەزران لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمدا، هێشتا ژنانی کوردستان لە رەوشێکی ناڵەباردان و توندوتیژی بەرانبەریان پیرۆ دەکرێ، هێشتا یاساو ریسای رۆژنامەوانی و رەفتارکردن لەگەڵ میدیاو کەناڵەکانی راگەیاندن و رۆژنامەوانانادا وەکو پێویست نیە. وێرای هەموو ئەوانەشەوە باری ئاسایش و هێمنایەتی لە باشووری کوردستاندا بە هەوڵ و کۆششی شەوانەرۆژی هێزەکانی ناوەخۆ جێگیرو ئارامە، لەگەڵ پارێزگاکانی عێراق بەراورد ناکرێ، ئەمەش هیواو ئومێدی بە داهاتوو رۆشنتر کردۆتەوە و بازارو شارەکانی بەرەو بوژانەوە بردوە. سەربارى ئەوەی کوردستان بوژانەوەی بەخۆیەوە بینیوە، بەلام چینێکی سەرمایەدارو دەوڵەمەند جێگیربوونەو دەستیان بەسەر بازاردا گرتوە، بەوهۆیەشەوە چینی هەژارو دەوڵەمەند زۆر لە یەکتر دوور کەوتوونەتەوە، ناتەبایی سەری هەڵداوە، نابەرابەری و بێدادی برەوی پێدراوە، بۆ نزیک کردنەوەی دووری نێوان ئەو دوو چینە، دەبێ بیمەی بێکاری و بیمەی کۆمەلایەتی و لەشساغی بۆ هەژاران و کەمدەرامەتان دابین بکرێن، هەروەها باجی سەرەوژوو لەسەر داهاتی دەوڵەمەندو سەرمایەداران دابنرێ.

## رەوشی نێوەخۆی حزب

لە دوای دووەمین کۆنگرەوە تا ئەمرۆ، رەوشی حزب پێچاوپێچی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. سەرەتا هەنگاوی باش هەڵگیرانەوە، بوارەکانی رێکخستن، راگەیاندن، پێوەندی و دارایی گەشەیان بەخۆیەوە بینی، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە لە 31ی کانوونی دووەمی 2005 بەرێوەچوو، حزبمان لە تەک حزبی زەحمەتکێشانی کوردستاندا بەشداری لە لیستی زەحمەتکێشان و سەربەخۆکاندا کرد، لیستەکە توانی نزیکەی 21 هەزار دەنگ وەدەستبهێنێ، بەوهۆیەشەوە ئەندامێکی

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە نوێنەری لیستەکە گەیشتە پەرلەمان. هەرچەندە ئێمە لە حزبی رزگاریی کوردستاندا خۆبەخشانە بەشداریمان لەو لیستەدا کرد، بەڵام بەوهیوایەبووین کە کارو چالاکی هاوبەش و هەنگاوی دیکەی بەدواوە بێ، مخابن دوایی هەڵپەسێردراو ساردبوونەوەی لێکەوتەوە. پاشان بەمەبەستی کۆکردنەوەی هێزە هاوڕامانەکان لە چەترێکی هاوبەشدا حزبی رزگاریی کوردستان بەشداری چالاکانەی لە دامەزراندنی بەرەی گۆڕان دا کرد. بەرەی گۆڕان رۆژی 10-10-2006 لە لایەن حزبی رزگاری، حزبی دیموکراسیخوازان، پارتی چارەسەری دیموکراتی و دەستەیەک کەسایەتی سەربەخۆ راگەیێندرا، وەک بەرەیێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئیجابی خۆی ناساندو بە باشی و بەرفراوانی دەنگی دایەوە، چوار مانگی یەکەم هەنگاوی باش هەڵێنرایەوەو بەبێ گرفت بەرەوپێشەوەچوو، بەڵام دواتر بەهۆی هۆکارگەلێکی نێوەخۆی ئەوحزبانەی کە بەرەیان پێکهێنابوو، هەروەها بەهۆی گوشارەکانی دیترانەوە درزی تێکەوت، لە حوزەیرانی 2007 دا پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان کشایەوەو وازی لە بەرەی گۆڕان هێنا، دواتر حزبی دیموکراسیخوازان کێشەی تێکەوت و بۆ دوو باڵی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان هاوێربوو. لە 15ی ئابی 2007 پلینیۆمی رێکخستنەکانی رزگاری لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو، پلینیۆم بڕیاریدا کە حزبمان لە چوارچێوەی بەرەی گۆڕاندا درێژە بە ئۆپۆزیسیۆن بوونی خۆی بدات و رۆڵی ئۆپۆزیسیۆنێکی ئەرێنی و ئیجابی کایە بکات، بەڵام مخابن لە ئەیلولی 2007 لەسەر پێداگریمان لە بەرەی گۆڕان دا، گرفتی دارایی بۆ حزبی رزگاری هاتە ئاراوە، سەرەنجام لە تشرینی دووەمی 2008 گرفتەکە قوڵترکرایەوە، بۆیە سەرکردایەتی حزب بڕیاری دا کە هەنگاوی خۆبژێوانە هەڵبگرێتەوەو لە بواری داراییدا کارەکانی خۆی بەرتەسک بکاتەوە، هەر لەژێر کاریگەری ئەو رەوشەداو لە حوزەیرانی 2008 هاوێربوون ریزەکانی حزبی رزگاریی کوردستانیشی گرتەوە. ئەوەش رووداوێکی ناخۆش و نەویستراوبوو، زیانی زۆری لە حزب دا، بەڵام دوای یازدە مانگ لە هاوێربوون، پەرۆشی بۆ حزبی رزگاری هەمووانی لەگەڵ یەکتردا ئاشت کردەوە، ئەو هەنگاوە دۆست و ئەندام و لایەنگرانی رزگاری دڵخۆش کرد.

حزبمان هەوڵیداوە کە لە کاروانی تێکۆشانی شارستانیدا وەدوا نەکەوێ، هەربۆیە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان حزبمان لەگەڵ شەش لایەنی دیکەدا بەشداری لە پێکهێنانی لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتیدا کرد، دواتر بەلیستی چەپەکانی

کوردستان ناسرا، مخابن رۆژی 25-7-2009 کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو، لەبەر هەر هۆکارێک بووبێ، ئەو لیستە دەنگی کەمی بەدەستهێنا، ئاکامی هەڵبژاردن هەڵوێستەی پێکردین و ناچاری کردین کە چاو بەخۆماندا بخشێنینەوە، بۆیە وا دەخوازێ کە لەبڕگەیەکی ئەم کۆنگرەیەدا بە درێژی و بە هێمنانە قسەی لەسەر بکەین.
ئەگەر لەم مەکۆیەدا باس لە بوارەکانی راگەیاندن و رێکخستنی حزبی رزگاریی کوردستاندا بکەین، دەبینین وێڕای کەمی بودجە، وێڕای دەیان کۆسپ و تەگەرە هێشتا پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە بینیوە. هەفتەنامەی رۆژی گەل و ماڵپەڕی رزگاری کە دوو زمانحاڵی رزگارین بێ پسانەوە درێژەیان پێدراوە، لە کاتی هەبوونی کێشەو هاوێربوونیشدا نەوەستان. هەروەها رێکخستنەکانی حزبیش لە دوای دووەمین کۆنگرەوە تا ئێستا گەشەو پێشکەوتنی زۆریان بە خۆیەوە بینیوە، ئەمەش مایەی دڵخۆشی هەمووانە. لەو پێوەندەدا بە پێویستی دەزانین کە سوپاسی هەموو ئەندامانی مەکتەبی ڕاگەیاندن بکەین کە بەردەوامیان بە هەفتەنامەی رۆژی گەل و ماڵپەڕی رزگاری داوە، هەروەها دەبێ سوپاسی هەموو ئەو کادرو هەڤاڵانە بکەین کە چالاکانە تێکۆشاون و توانیویانە بنکەی رێکخستنی رزگاری لە گوندو شارەکانی کوردستاندا بەرفراوانتر بکەن.
حزبی رزگاریی کوردستان کە سەرخۆبوون و یەکسانبوونی کردۆتە دروشمی سەرەکی خۆی و لە پێناویاندا تێدەکۆشی، زۆر شێلگیرانە جەختی لەسەر دۆستایەتی و قوڵکردنەوەی پێوەندی لەگەڵ سەرجەم لایەن و هێزە سیاسیەکانی کوردستان کردۆتەوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی رامان و ئایدۆلۆژیا، لەو بەستێنەدا هەوڵەکانی چڕترکردۆتەوە تا پێوەندیەکانی خۆی لەگەڵ تێکڕای هێزە سیاسیەکانی کوردستان پتەوو بەهێزتر بکات. لەو سۆنگەیەشەوە پەیوەندی دۆستانەو هاوخەباتانەی لەگەڵ زۆربەی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان پێکهێناوە، ئەوەش وایکردوە کە زۆربەی لایەنە سیاسیەکان پەیامی خۆیان بۆ سێهەمین کۆنگرەی حزبی رزگاریی کوردستان بنێرن، هەروەها لێرەوە، لەسەر سەکۆی سێهەمین کۆنگرەدا جارێکی دیکە جەخت لەسەر قوڵکردنەوەی پێوەندیەکانی حزبی رزگاری لەگەڵ سەرجەم هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دەکەینەوە، چونکە هیچ هێزێکی سیاسی بە دوژمن و ناحەزو نەیاری خۆمان نابینین، هەرهەمووشمان ئارمانجی

نیشتمانی و نەتەوەی هاوبەش بەیەکەوە گریمان دەدات، هاونیشتمانی یەکترین و بۆ یەک ئامانج تێدەکۆشین.
هەڤالانی هێژا! حزبمان وەک حزبێکی مۆڵەتپێدراو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لەو باوەڕەدابووە کە دەبێ حکومەتی هەرێم بەیەک چاو سەیری هەموو خەڵک بکات و رەفتار لەگەڵ حزبەکاندا بکات و بودجە بۆ حزبە مۆڵەتپێدراوەکان دابین بکات، چونکە ئەگەر حکومەت بودجە بۆ رێکخراوە سیاسیەکان دابین بکات، دەتوانێ رێ لە پێوەندی ناڕۆشنی نێوان حزبەکان و وڵاتانی دراوسێ و بیانیدا بگرێ.
حزبی رزگاریی کوردستان هەرگیز پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا نەبووەو هەوڵیشی نەداوە پێوەندی ناڕۆشن و ناهاوسەنگیان لەگەڵدا دروست بکات، بۆیە خوازیاربووە کە تێکۆشان و سەنگایی لەبەرچاو بگیرێ و بودجەی بۆ دابین بکرێ، کاتی خۆی ئیدارەی سلێمانی حکومەتی هەرێم بودجەیەکی زۆر کەمی بۆ حزبی رزگاریی کوردستان دابین دەکرد، بەڵام دیسانیشەوە پێپرازی بوو، هیواخوازین لە راپۆرتی داراییدا داهات و سەرفیاتی حزبتان پێشکەش بکرێت..
هەڤالانی هێژا! خۆتان دەزانن کە یازدە مانگی هاوێربوون درزی دروست کردبوو، دیواری هەڵچنی بوو، بەڵام بەرپرسانەو لە خۆبردوانە هەنگاو هەڵێنرایەوە و نێومالی رزگاری رێکخرایەوە، بۆ سارێژکردنی برینەکانی یازدە مانگی هاوێربوون، پێکهێنانی سێهەمین کۆنگرەی حزب بە باشترین دەرفەت لێکدەدرایەوە. بۆیە لە کاتی رێکخستنەوەی نێو مالی رزگاریدا بڕیاردا کە لە ماوەی شەش مانگدا سێهەمین کۆنگرە پێکبهێنرێ، بەوهۆیەوە دەبوایە لە 13-11-2009 تێپەڕ نەکات. ئێمە زۆر شێلگیرانەو لێبڕاوانە پێبەندی پێکهێنانی کۆنگرە بووین، بەڵام هەستمان کرد کە دوو هەڤاڵی سەرکردایەتی بە ئەنقەست خۆیان لە پێکهێنانی کۆنگرە دەدزنەوە، ئێمە هەوڵی خۆمان دا، لە رۆژی 22-11-2009 بە ئیمزای خۆیان بڕیاردرا کە رۆژی 18-12-2009 سێهەمین کۆنگرەی حزب پێکبێ، میکانیزمی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەش دیاریکراو لیژنەیەک دەستنیشان کرا تا لەنێو رێکخستنەکاندا هەڵبژاردن بەرێوەببات، هەروەها بڕیار درا بۆ پێکهێنانی کۆنگرە داوای هاوکاری ماددی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەردوولایەنە دەستەڵاتدارەکەی کوردستان بکرێ، بەڵام ئەگەر هاوکاری نەکراین، دەبێ کۆنگرە دوا نەخرێ و لەسەر ئەو بودجەیەی کە مانگانە حکومەتی هەرێم دەیدات، کۆنگرە بەڕێوەببەین. بۆ ئەو مەبەستەش بە

نووسـراوی فـەرمی داوای هاوکاریمـان لـە هەرسـێ لایەنەکـە کـرد و ڕۆژی 3-12-2009 یش بە نووسراوی فەرمی داوامان لە لایەنە دۆست و هاوپەیمانەکان کرد کە ئەگەر راو سەرنج و تێبینییەکیان هەیە لە پەیامێکدا بۆ کۆنگرەی رەوانەی بکەن و بەر لە ڕۆژی 17-12-2009 بە دەستمان بگات، ئەوەش مانای ئەوەبوو کە ڕۆژی 18ی دیسێمبەر کۆنگرە بەڕێوەدەچێ، بەڵام هەڤاڵێکی مەکتەبی سیاسی کە لە حوزەیرانی 2008دا سەرکێشی هاوێربوونی کردبوو، داوای کرد حەفتەیەک دوابخرێ و ڕۆژی 25 بەڕێوەبچێ، ئێمەش داواکەی ئەومان لەبەرچاوگرت، بەڵام هەستمان کرد بە ئەنقەست هەوڵی دوورخستنەوەی کۆنگرە دەدرێ و رێ لە لیژنەی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکان بۆ دەستنیشانکردنی نوێنەرانی کۆنگرە دەگیرێ. ئێمە بۆ تەبایی نێوەخۆمان پەرۆش بووین، بۆیە هەوڵی خۆمان دا، هەستمان دەکرد کات وەدرەنگ دەکەوێ، بۆیە پێشنیارمان کرد کە چوار لیژنە بۆ چوار پارێزگاکە پێکبهێنرێ، دوای چەندین گفتوگۆو پێوەندی تەلەفۆنی بە رەزامەندی ئەوان، ڕێککەوتین کە ڕۆژی 18-12-2009 لیژنەکان دەست بەکاری خۆیان بکەن، ئەو ڕۆژەی کە لیژنەکان دەیانویست ئەرکەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، ئەو هەڤاڵەی کە پێشنیاری کردبوو حەفتەیەک کۆنگرە دوابخرێ، پێداگری کرد و داوای کرد کە تەنیا ئەمڕۆژە بوەستن، ئیدی بەیانی کاتژمێر 9 واتە کاتژمێر نۆی ڕۆژی 19ی مانگ لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لەهەولێر کۆبوونەوەی بکرێ و کێشەی لیژنەکان یەکلایی بکرێنەوە و هەر ئەو ڕۆژەش دەست بەکاری خۆیان بکەن. ڕۆژی 19ی مانگ ئەو دوو هەڤاڵەی کە لە حوزەیرانی 2008 لە حزب دابڕابوون نەهاتن بۆ کۆبوونەوە، دواتر پاساوی شکستی سەیارەیان هێنایەوە، راستیەکەی ئێمە پەرۆشی تەبایی و یەکڕیزی بووین، دیسان لەسەر داوای خۆیان ڕێککەوتین کە ئەوان بێن بۆ هەولێرو کاتژمێر 10ی ڕۆژی 20ی مانگ کۆببینەوە، هەرچەندە بۆ وەرگرتنی بودجە ئەوان هاتن بۆ هەولێر، بەڵام یەکێکیان تەلەفۆنەکەی خۆی داخست و نەهات بۆ بارەگا، ئەویدیکەشیان هات بۆ بارەگا، زۆر هەوڵمان لەگەڵدا، بەڵام بەپەلە ماڵئاوایی کردو ڕۆیشت، لە هەڵسوکەوتیان تێگەیشتین کە نایانەوێ بەشداری لە کۆنگرەدا بکەن، بۆیە بە پێویستمان زانی کە چیتر خۆمان نەگنخێنین و رێ بە لیژنەکان بدەین ئەرکەکانی خۆیان رابپەڕێنن. بەمەبەستی ئەوەی ئەو هەڤاڵانەش جارێکی دیکە دانەبڕێنەوە، هەوڵماندا کە برادەرانی مەکتەبی پەیوەندیەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان قسەیان لەگەڵدا بکەن، خۆشبەختانە ئەوانیش ئامادەیی خۆیان پێشانداو ڕۆژی 23-12-2009 کاتی خۆیان

تەرخان کرد، لەو کۆبوونەوەیەدا زۆر قسە کرا، بەڵام ئەو دوو هەڤاڵە راشکاوانە ریانگەیاند کە ئەوان ئامادەی کۆنگرە نابن و لەلای خۆشیانەوە هیچ ئامادەکاریان بۆ کۆنگرە نەکردوە. ئەوان باسیان لە هەندێ وردە کێشە کرد کە بەهیچ شێوەیەک کاریگەریان لەسەر پێکهێنانی کۆنگرە نەبوو، ئێمەش پێمانوابوو، ئێستاش پێشمانوایە کە ئەگەر کێشە هەیە، دەبێ لەنێو کۆنگرەدا باسی لێوەبکرێ و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە. ئەو هەڤاڵانەی کە ئەمڕۆ نەهاتوون تا بەشداری لە کۆنگرەدا بکەن، لە حوزەیرانی ساڵی 2008دا بەبێ ئاگاداری سکرتێری گشتی و بەبێ پرسی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی و زۆرینەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، چەند کەسێکیان لە ژوورێکی نووسینگەی رۆژی گەل لە شاری سلێمانی کۆکردەوەو ناویان نا کۆنفرانس و دەشیانویست رەوایەتی پێبدەن!! بەڵام کە ئاشت بووینەوە ئەوان پەشیمانی خۆیان دەربڕی و لەسەر رەوایەتی نەدان بەو کارەیان رازیبوون و ئاکامی ئەو شتەی ناویان نابوو هەڵوەشاندەوە. ئێستا کە حزبمان سێهەمین کۆنگرەی خۆی پێکدەهێنێ، دەبێ ئەو راستیە بگوترێ کە ئەوان خۆیان لە دیاریکردنی رۆژ و شوێنی کۆنگرەو میکانیزمی کۆنگرەدا بڕیاریان هەبووەو ئیمزایان کردوە، کەچی ئێستا نەهاتوون و خۆیان کشاندۆتەوە.

بەداخەوە کە دەڵێین، دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر، تێگەیشتین کە ئەوان نایانەوێ بەشداری لە کۆنگرەیەکدا بکەن کە پێشوەخت گومانی ئەوەیان هەبێ کە بە زیانی خۆیان تەواو دەبێ و سەبارەت بەو کارانەی کە لە رابردوودا ئەنجامیان داوە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێ. هەرچەندە من وەک سکرتێری گشتی حزب و بەمەبەستی پاراستنی ریزەکانی رزگاری بەڵێنم پێدابوون کە لە کۆنگرەدا هەموو توانای خۆم دەکار دەکەم و رێ لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی رابردوو دەگرم، بەڵام ئەوان باوەڕیان بە خۆیان نەبوو، دەیانزانی کە کادران چەندە لێیان نیگەران و دڵتەنگن. پێش پێکهێنانی کۆنگرە داوای زەمانەتیان دەکردو نموونەی ئەوەیان دەهێنایەوە کە فلانە حزب لە کۆنگرەی خۆیدا چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی پێشووی بەبێ هەڵبژاردن کردۆتەوە بە سەرکردایەتی!!! مەبەستیان ئەوەبوو ئەوانیش لە هەڵبژاردندا ببوردرێن و بەبێ هەڵبژاردن وبە بێ دەنگدان بکرێنەوە بە سەرکردایەتی. لە هەمووی سەیرتر ئەوان هەرگیز لەگەڵ ئەوەدانەبوون کە نوێنەرانی کۆنگرە لەنێو رێکخستنەکاندا هەڵببژێردرێن، ئەوان داوایان دەکرد کە هەموو نوێنەرانی کۆنگرە بە

تەزكیە بهێنرێن، ئیدی كاتێک زانیان ئەو دوو پێشنیارە سەرناگرێ، خۆیان كشاندەوە، ئەمرۆش نەهاتوونەتە ئێرە تا بەشداری لە كۆنگرەدا بكەن.
بێگومان هەموومان دەزانین كە كاروانی حزبی رزگاریی كوردستان لەسەر چەند كەسێک پەكی ناكەوێت، بەڵام زۆر خۆشتر بوو ئەگەر ئەو هەڤاڵانەش بە هەناسەیێكی دیكەو دوور لە بەرژەوەندی كەسایەتی رەفتاریان بكردبایە، ئەگەر كێشەشیان هەبوایە، وا پێویست بوو كە سەكۆی كۆنگرە بكەن بە شوێنی یەكلاییكردنەوە، چونكە ئەوان لە حوزەیرانی 2008 رایانگەیاندبوو كە نابێ پێكهێنانی كۆنگرە لە 15ی ئابی 2008 تێپەڕ بكات، بەڵام ئێستا 15ی ئابی 2009یش گوزەراوە. هەر لەو پێوەندەدا دەبێ ئاماژە بەو پرۆژەیە بكەین كە ئەوان لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا بۆ رێكخستنەوەی نێومالّی رزگاری پێشنیاریان كردبوو، هەرچەندە سەركردایەتی حزب لە كاتی رێكخستنەوەی نێومالّی رزگاریدا پرۆژەكەی ئەوانی پەسند نەكرد، بەڵام بە پێویستی دەزانین پێتانڕابگەیەنین كە ئەوان لە خاڵی یەكەمی پرۆژەكەدا نووسیبوویان:{ **لە رۆژی یەكگرتنەوەی هەردوو باڵەكەی حزب، لە ماوەی شەش مانگدا دەبێ كۆنگرە ببەسترێ، ئەگەر هەر لایەنێک پابەند نەبوون بە بەستنی كۆنگرە، ئەوا باڵەكەی دیكە بڕیار دەدات و كۆنگرە دەبەستێ**!!!}، ئەگەر بەو مەرجەی خۆشیان بێ، ئۆباڵی نەهاتنی ئەوان لە ئەستۆی خۆیان دایەو خۆشیان لە ئاكامەكەی بەرپرسیارن.
لە دویماهیدا رێزو خۆشەویستمان بۆ هەمووتان دووپات دەكەینەوە. هیوادارین كە بە گیانێكی هەڤاڵانەو حزبیانە رەفتار بكەن و بەشداری لە گفتوگۆكانی برگەكانی ئەم راپۆرتەو سەرجەم برگەكانی دیكەی بابەتەكانی ناو كۆنگرەدا بكەن.
هەربژین و سەرفراز بن.

# بڕیارو راسپاردەکان

*وێڕای ئـەوەی کـە خـەباتی رزگـاریخوازی کوردسـتان پێشـوەچوونی زۆری بـە خۆیەوە بینیوە، بەڵام هێشتا مەترسی و کەندوکۆسپی گەورەی هەمەجۆر لەسەر رێی گەیشـتن بـە ئامانجـەکانی دادەنرێن، بۆیـە ئـەرکی هـەموو رێکخراوێکی سیاسـیە کـە لەپێناو گەشەپێدانی دیموکراسی و چەسپاندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی تێبکۆشێ.

* یەکهەڵوێستی و هاودەنگی کوردستانیان سـەبارەت بە پرسـە چارەنووسسـازەکان رێـی گەیشـتن بـە ئاواتـەکانمان کـورتتر دەکەنـەوە، لـەو پێنـاوەدا تێدەکۆشـین و پێوەندیەکانمان لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی دیکە قوڵتر دەکەینەوە.

* دەسـتکەوتەکانی باشـووری وڵاتەکـەمان دەسـتکەوتی نەتـەوەیی و نیشـتمانی کوردسـتانیانن، لێبڕاوانـەو شـێلگیرانە داکـۆکی و پارێزگـاری لـە دیفـاکتۆی هـەرێمی کوردستان دەکەین و بۆ گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان تێدەکۆشین.

*گێڕانـەوەی ناوچـەدابڕاوەکان بـۆ سـەر باوەشـی باشـووری کوردسـتان ئـەرکێکی لەپێشـینەی نەتـەوەیی و نیشـتمانیە، لـەو بەسـتێنەدا وادەخوازێ کە هـەموو هـەوڵ و توناکـان بـۆ گێڕانـەوەی ناوچـە دابڕاوەکـان و قەرەبووکردنـەوەی زیانلێکـەوتووانی شەڕی رژێمی بەعس دژ بە کوردستان تەرخان بکرێ.

*تێکۆشـان بـۆ دیـاریکردنی سـنووری باشـووری کوردسـتان و دانپێـدنانی لەلایـەن دەوڵەتی ناوەندیەوە کاری هەرە گرنگ و لە پێشینەی هێزە سیاسیەکانی کوردستانە،

لەلووتکەی خەباتی داهاتوودا جێ دەگرێ، پێویست بە هاوهەنگی و هاوهەڵوێستی تەواوی نێوان هێزو ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان دەکات، بۆ ئەو مەبەستەش پشتیوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین.
* دامەزراندنەوەی عێراقی نوێ لەسەر بنەمای ڕێککەوتن و پەسندکردنی هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵی لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هەنگاوێکی ئەرێنیە، بەوهۆیەوە بۆ زیاتر وەدیهێنان و مسۆگەرکردنی مافی نەتەوەیی گەلی کوردستان پشتیوانی لێدەکەین.
* ڕژێمی بەعس بە درێژایی ساڵانی فەرمانڕەوایەتی، سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی دژ بە کوردستانیان پێڕۆکرد، چەندین کارەساتی کۆمەڵکوژی و ئەنفالکردنی دژ بە کوردستانیان بەڕێوەبرد، ئیستا کە زۆربەی سەرانی ئەو ڕژێمە لە زینداندا ڕاگیراون و ڕووبەڕووی دادگەیی کردن بوونەتەوە، هەروەها دادگەی باڵای تاوانی عێراقی، ئەنفالکردن و ژەهربارانکردنی شاری هەڵەبجەی بە جینۆساید ناساندوە، دەبێ شێلگیرانە تێبکۆشین تا ناوەندەکانی ڕای گشتی وڵاتان و حکومەتە بڕیاربەدەستەکانیش ئەو کارەساتانە بە بە جینۆساید بناسێنن. لەو پێوەندەشدا خەبات و تێکۆشانی ڕێکخراوی چاک بەرز دەنرخێنین و بە تەواوی پشتیوانیان لێدەکەین.
* دۆزی ڕەوای کوردستان یەکەیەکی دانەبڕاوە، گێڕانەوەی ماف و ئازادیەکانی کوردستانیان بە ئەرکی لە پێشینەی خۆمان دەبینین و لەو پێناوەدا درێژە بە تێکۆشان دەدەین..
*پێکهێنانی کۆنگرەیەکی نیشتمانی گشتگیر بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەم قۆناغەدا بە گرنگ و پێویست دەبینین، لەو ڕوانگەیەوە بۆ پێکهێنانی کۆنگرەیەکی نیشتمانی کوردستانی تێدەکۆشین، دەخوازین سەرجەم پارت، ڕێکخراوی سیاسی و کەسایەتی وڵاتپارێز لەباوەشی خۆیدا کۆبکاتەوە.
* کۆنگرە، شێوازی تێکۆشانی باکووری کوردستان بەرز دەنرخێنێ، بڕیاری دادگەی دەستووری تورکیا سەبارەت بە داخستنی پارتی جڤاکی دیموکراتیک ڕیسوا دەکات و دەستی تێکۆشەرانی دەتەپە دەگوشێ و ماندوونەبوونیان لێدەکات.
* کۆنگرە، سڵاوی تایبەت بۆ ئەو تێکۆشەرانەی کوردستان دەنێرێ کە لە گرتووخانەکانی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان پێوەلکێنراوە، زیندانی کراون و داوای دەست بەجێ ئازادنیان دەکات.

* کـۆنگرە، کێشــەی لاوان و ژنــانی کوردســتان بــە کێشــەیکی ســەرەکی کۆمــەڵی کــوردەواری دەبینــێ و خاوەنــداریتی لێــدەکات، بەوهۆیــەوە کۆمیتــەی ناوەنــدی رادەسـپێریێ تـا لـەپێناو نەهێشـتنی توونـدو تیـژی دژ بـە ژنـان خـەبات بکـات، دژ بـەو کـەس و لایەنانـە هەڵوێسـت وەربگـرێ کـە توونـدوتیژی بەڕێوەدەبـەن و درێـژە بـە ستەمکاری دەدەن.
* حزبی رزگاریی کوردستان سزای لەسێدارەدانی مرۆڤ بە تاوان دەبینێ، خوازیارە سـزای مـەرگ هـەڵبگیرێ، لـەو روانگەیـەوە داوا دەکـات کـە تـەواوی ئـەو سـزایانەی بەمەستی کوشتن دژ بە تاوانباران و تۆمەتباران دراون، هەڵبوەشێندرێنەوە.

* بـەهۆی لاسـارییکردنی بـەردەوامی هەریەکـە لـە هۆشـیار عەبدولڕەحمان ئـەمین و فەهمی محەمەد حەسەن، کە بۆ ماوەی هەشـت مانـگ، هـەر مانگـە بـڕی چـوار ملیـۆن دینار بودجەی حزبیان لە ڕێی مەکتەبی پەیوەندیەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان وەرگرتـوەو لـە حزبیـان شـاردۆتەوەو وایانبڵاوکردۆتـەوە کـە بودجەکـە راگیـراوە، بەوهۆیەشـەوە هەوڵیانـداوە پەیوەنـدی نێـوان حزبـی رزگـاری و یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردستان بەرەو ئاڵۆزی ببەن، هەروا ماوەی یازدە مانگ، واتە لە مانگی حوزەیرانی 2008 تا مانگی ئایاری 2009 مانگانە نزیکەی 20 ملیۆن دینـاری بودجـەی حزبیـان لەدەســتدابوە، بــەبیانۆی هاوێربوونــەوە مووچــەی زیــاتر لــە نیــوەی ئەنــدامانی سەرکردایەتی و زۆرینەی کادران و بەشـی مەکتـەبی راگەیاندنیان نـەداوە، لەلایـەکی دیکــەوە لــە وەڵامــی ئــەو داوایــەی ئەنــدامانی کــۆنگرە کــە رۆژی 25-12-2009 لێیکردبوون، ئەوان رۆژی 26-12-2009 بەیانێکیان بڵاوکردۆتەوە، وایان پێشـانداوە کـە ئـەوان زۆرینـەی ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسـین، هـەروەها بێرێزیـان بـە کـۆنگرە کردوە، بۆیە کۆنگرە بڕیار دەدات کە مافی ئەندامێتیان لە حزبی رزگاریی کوردستان لێدەسێنێتەوە، ئەگـەر جارێکی دیکە داوای بەرئەندامێتی لـە حـزب بکەنـەوە، جگـە لـە کۆنگرە هیچ ناوەندێکی دیکەی حزبی دەسـتەڵاتی ئـەوەی نـەبێ کـە وەریانبگرێتـەوە. هەروەها پێویستە رێوشوێنی یاسایی لەبەرانبەر ئەوان بگیرێتەبەر.

* کۆنگرە، کۆمیتـەی ناوەنـدی رادەسـپێری تـا سوپاسـنامە بـۆ ئـەو کـەس و لایەنـە بەڕێزانـە رەوانـە بکـات کـە رۆژێـک لـە رۆژێـک بەهـەر شـێوازێک بـووبێ، هاوکاریـان لەگەڵ حزبی رزگاریی کوردستان کردوە.

* بەمەبەستی  پتەوو بەهێزکردنی پێوەندیەکانی حزب لەگەڵ سەرجەم هێزو لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەکانی کوردستان، کۆنگرە، کۆمیتەی ناوەندی رادەسپێرێ تا هەوڵی شێلگیرانە بدات، مەرج و شەرتی سەر رێگە لەبەرچاو نەگرێ.

* بەمەبەستی هاوسەنگی راگرتن لەنێوان بودجەی حزبەکاندا، کۆنگرە، کۆمیتەی ناوەندی رادەسپێری تا لەو بارەیەوە داخوازینامەیەک بۆ سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان رەوانە بکات.

## خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی بۆچی؟

حزبی رزگاریی کوردستان هەر لەرۆژی راگەیاندنیەوە جەختی لەسەر بەیەکەوەگرێدانی خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی کردۆتەوە، واتە هاوکات بۆ سەربەخۆیی نیشمان و یەکسانی مرۆڤەکان تێکۆشاوە، خواستویەتی ئەو چەمکە لەنێو زۆرینەی کۆمەڵی کوردستاندا رەنگپێبداتەوە. لەو رێیەشەوە ناسنامەیەکی جیاوازتری لە دیتران مسۆگەر کردووە. ئێستا کە لە مەکۆی سێهەمین کۆنگرە لە دەورەی یەکتر کۆبووینەتەوە، بە پێویستی دەزانین لە ژێر رۆشنایی ئەو هزرانەی کە هەنووکە لە جیهان و ناوچەکەدا برەویان پێدەدرێ شرۆڤەیان بکەین، بەتایبەتیش ئەو بانگەشانەی کە لە دژی نەتەوەیی و یەکسانیخوازیدا تۆختر کراونەتەوە و بازاڕیان گەرمتر کردوە. لەلایەکەوە بانگەشەی بێئەرزش بوونی خەباتی نەتەوایەتی دەکرێ و دەیانەوێ کێشەی نەتەوەیی و نیشتمانی لە ولاتە فرە نەتەوەکاندا بە پرۆسەی دیموکراتیزەکردن و بەرقەراربوونی سیستەمی دیموکراسی گرێبدەن. لەلایەکی دیکەشەوە گەرەکیانە کێشەی نابەرابەری لەنێو هزری کۆنەپارێزیدا ون بکەن و بەهای مرۆڤبوون لەژێر پێ بنێن و رەوایەتی بە نابەرابەری بدەن.

پێدانی ناسنامەی نەتەوەیی و سنوورکێشان بۆ نیشتمانەکان، دەرهاویشتەو بەرهەمی قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتین، لەنێو پرۆسەی هۆشیاربوونەوەی مرۆڤەکاندا چوارچێوەو فۆرمی تایبەت بە خۆیان پێدراوە، بەوهۆیەوە چەندین شەڕی جۆراوجۆر بەرپاکراون، کێشەو گرفتی هەمەرەنگ لە نێوان نەتەوەو نیشتمانەکاندا

سەریانهەڵداوەو قوڵ کراونەتەوە، لە رەوشێکی ئاوادا شیمانەی ئەوە ناکرێ کە لە ماوەیەکی کورتدا ناسنامەی نەتەوەکان کاڵ ببنەوەو سنووری نێوان وڵات و نیشتمانەکان بسڕێنەوە کە بەدەستی مرۆڤ خۆیەوە کێشراون. کێشەی نەتەوەیی بەتەنیا لەنێو وڵاتانی ئاسیاو ئەفریقادا نین، بەڵکو لەنێو وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکای لاتینیش بەرچاون، تەنانەت لەنێو ئەو وڵاتانەی کە یەکێتیی ئەوروپاشیان دروست کردوە، هەندێک کێشەی نەتەوەیی بێچارەسەر ماونەتەوەوتا ئێستاش ململانێیان لەسەردا دەکرێ. کێشەی هەرێمی باسک و کەتەلۆنیاو ئێرلەندا گەواهی کاڵ نەبوونەوەی کێشەی نەتەوایەتی دەدەن.

ئەوانەی باس لە کۆتایی هاتنی قۆناغ و سەردەمی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکەن، دەبێ چ وەڵام و لێکدانەوەیەکیان بۆ دروستکردنی دیواری نێوان میسرو کەرتی غەززە هەبێ کە هەردوولایەنیان باس لە عەرەب و عەرەبچێتی و موسڵمانبوون دەکەن؟! چ شرۆڤەیەک بۆ پێداگری ئەو هێزو رێکخراوانەی باشوور و باکووری سودان دەکەن سەبارەت بە جیابوونەوەیان؟! چۆن ئەو بڕیارەی پەرلەمانی سودان هەڵدەسەنگێنن کە مافی دیاریکردنی چارەنووس و ریفراندۆمی بۆ هەرێمەکان سەلماندووە؟! وێڕای ئەوەی کە زۆربەی رێبەرانی سودان دەمارگیرن و پێداگری لەسەر یەکێتی خاکی وڵاتەکەیان دەکەنەوە، کەچی لەو رۆژانەی دواییدا پەرلەمانی سودان بەزۆرینەی دەنگ بەڕێوەبردنی راوێژێکی گشتی باشووری سودانی پەسند کرد، بەوهۆیەوە ئەوان دەتوانن لە ساڵی 2011دا ریفراندۆم بکەن و بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن.

ئەگەر قۆناغی دەوڵەتی نەتەوەیی بەسەر چووە، ئەی بۆچی لەو دواییانەدا چەندین هەرێمی وەک کۆسۆڤۆ، ئەپخازیا و ئۆسیاتی باشوور سەربەخۆیی خۆیان راگەیاندووە؟! ئەی بۆچی چەندین هەرێم و نەتەوەی دیکە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ تێدەکۆشن؟! تەنانەت باشوورو باکووری وڵاتی یەمەن کە یەک نەتەوەن و ماوەیەکی زۆر نیە یەکیان گرتۆتەوە، کەچی باشووریەکان جارێکی دیکە بەئامانجی جیابوونەوە یاخی دەبن و تێدەکۆشن.

بەگوێرەی ئامارە فەرمیەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئێستا نزیکەی سێ هەزار نەتەوە لە سەر زەوی‌دا دەژین و 264 زمانی تۆمارکراوی زیندوو هەن، بەڵام ئەو دەوڵەتانەی کە بە فەرمی ناسراون، ژمارەیان دەگاتە 200، کە 192یان لە رێکخراوی نەتەوەیکگرتوەکاندا کۆبوونەتەوە. کەواتە تا ئێستاکەش ئەوانەی گوتاری

کۆتایی مێژوو، یان جارِی بەسەرچوونی قۆناغی دەوڵەتی نەتەوەیی دەدەن، لە چاو ئەوانەی کە خەبات بۆ زیندو هێشتنەوەی چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی بە میتۆدی ئێستاکەی دەکەن،کەمینەن. هەڵبەت خەبات بۆ رزگاری و سەربەخۆیی کوردستانیش لە چوارچێوەی پێداگریکردن لەسەر چەمکی دەوڵەتی نەتەوەییدا خۆی دەبینێتەوە.

لەو پێوەندەدا لەکەس شاراوە نیە کە کوردستانی نیشتمان بەبێ پرس و راوێژکردن بە دانیشتووانەکەیەوە دابەش کراوەو بە دەوڵەتانی دیکەوە لکێنراوە، لەوەتەی لکێنراویشە، نەتەوەی کورد بێ ماف ماوەتەوە، ئازادیەکانی لێزەوتکراوەو هەوڵی سرِینەوەی ناسنامەکەی دەدرێ، ئاسۆی دیموکراتیزەکردنی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان پێوە لکێنراوە لە داهاتوویێکی نزیکدا وەدیارناکەوێ. کێشەو قەیرانەکانی نێوەخۆی ئەو وڵاتانە بێژمارن، هێشتا رەگەزپەرستی و خۆبەگەورەزانین لەئاوەزی نەتەوەی سەردەستدا شەپۆل دەدا. لە هزرو هەستی فەرمانڕەوایاندا شوێنچەیەک بۆ کاڵبوونەوەی نەتەوەیی نادۆزرێتەوە، کەواتە کوردستانیان لەکام کلاورِۆژنەوە لە کاڵبوونەوەی خەباتی نەتەوایەتی برِوانن؟!!

هەموو فەلسەفەکانی ژیان جەخت لەسەر یەکسانبوونی بەهای مرۆڤەکان دەکەنەوە، زۆرینەشیان جەخت لەسەر یەکسانی ماف و ئازادیەکانیان دەکەنەوە، هەروەها ئێستاش کە بەسەردەمی مافی مرۆڤ ناودێرکراوە، هەموو حزب و رێکخراوە سیاسی و حکومەتەکان بانگەشەی پاراستنی مافی مرۆڤەکان دەکەن، بەڵام ئایا لە کردەوەدا وەکهەڤی، یەکسانی و بەرابەری لەنێو کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا بوونی هەیە؟! ئایا لە کۆمەڵی کوردەواریدا مرۆڤەکان یەکسانن؟! ئایا ستەم و زۆرداری کۆتا بووە؟! ئایا لە نیشتمانێکی دەوڵەمەندی وەک کوردستاندا هەژاری و برسێتی ریشەکێش کراوە؟! ئایا حکومەت توانیویەتی مرۆڤە برسیەکان لە مردن رزگار بکات؟! بێگومان دەبێ بڵێین؛ نەخێر. بۆیە دەگەرِێینەوەو دەڵێین: خەباتی چینایەتی و دەستەبەرکردنی یەکسانی بۆ مرۆڤەکان، مێژوویێکی دوورو درێژی هەیە، تا ئێستاکەش کۆمەڵی مرۆڤایەتی لەنێو نابەراری و نایەکسانیدا شەپۆل دەدات، ئێستا بە ملیۆنان مرۆڤی برسی لەو جیهانەدا هەن، رۆژانە سەدان ملیۆن مرۆڤ بەهۆی نەداری و هەژاریەوە بە برسێتی سەر دەنێنەوە.

ساڵی رابردوو، رێکخراوی "کۆمەک بۆ نەهێشتنی برسێتی لە جیهان" کە رێکخراوێکی ئەڵمانیە رایگەیاندبوو کە تەنیا لە 33 وڵاتی جیهاندا 923 ملیۆن برسی هەن، بەڵام ئەمساڵ سەرۆکی رێکخراوی فاو، واتە رێکخراوی خۆراکی جیهانی رایگەیاند کە

ژمارەی برسیەکانی جیهان بۆ یەک ملیارو دوو سەد ملیۆن مرۆڤ بەرز بۆتەوە. کەواتە لە نێوان حەوت مرۆڤدا، یەکێکیان برسیەو هەژاری هەڕەشەی مەرگی لێدەکات.

ساڵی 2000 نوێنەرانی 167 وڵات بەڵێنیان دابوو تا ساڵی 2015 رێژەی 50% برسێتی لە وڵاتەکانیان کەم بکەنەوە، بەڵام ئێستا دوو لەسەر سێی ئەو ماوەیە رۆشتووە، نەک هەر رێژەی برسێتی کەم نەبۆتەوە، بەڵکو بەرێژەیەکی بەرچاویش بەرزبۆتەوە، ئەمەش نەک هەر هەڕەشەیەکی ئاشکرا لەو وڵاتانە، بەڵکو هەڕەشەیەکی ئاشکرا لە کۆمەڵی مرۆڤایەتی دەکات.

بەگوێرەی سەرچاوەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان 40 ملیۆن مرۆڤی هەژار لە ئەمریکادا دەژین، سێ ملیۆن و نیویان لە رەوشێکی برسێتی ترسناکدان، هەر بەگوێرەی ئەو رێکخراوەیە زیاتر لە شەست و پێنج ملیۆن مرۆڤ لە وڵاتانی عەرەبیدا لە هێڵی ژێر برسێتیدا جێیان گرتووە.

لە کوردستانی خۆشماندا وێڕای ئەوەی کە نیشتمانەکەمان دەوڵەمەندە، نەوت، گاز، یۆرانیۆم و دەیان کانزای بەهاداری تێدایە، زەوی کشتوکاڵی و بەرهەمداری زۆرە، کەچی هەزاران بنەماڵەی هەژارو دەستکورت هەن، سەدان هەزار مرۆڤی بێخانوو، بێشوێن و جێگە هەن. نەداری و هەژاری و برسێتی وەک پەتایێکی بەرچاو لە هەموو کون و قوژبنێکی ئەم کوردستانەدا هەستی پێدەکرێ. راستە چینێکی داراو دەوڵەمەند هەن و سەردەستن، بەڵام رێژەی چینی هەژارو کەمدەرامەت لە بەرانبەر رێژەی چینی داراو سەرمایەدارەکان یەکجار زۆرترە، بەوهۆیەوە وادەخوازێ کە حزبێکی وەک حزبی رزگاریی کوردستان لەپێناو مسۆگەرکردنی بەرابەری و وەکهەڤی تێبکۆشێت.

# راپۆرتی دارایی

**هەڤاڵانی هێژا**! فەرموون لەگەڵ راپۆرتی دارایی کە لە سێ بەش پێکهاتووە: **یەکەمیان** لە مانگی کانوونی یەکەمی 2004 تا مانگی کانوونی دووەمی 2008ی لەخۆ گرتووە. **دووەمیان**: لە مانگی تەممووزی 2008 تا نیسانی 2009، **سێهەمیان**: لە ئایاری 2009 واتە لەدوای یەکخستنەوە تا ئەمڕۆ.

داهاتی مانگانەی حزبی رزگاریی کوردستان لە مانگەکانی تشرینی دووەمی 2004، کانوونی یەکەمی 2004، هەروەها مانگەکانی کانوونی دووەم، شوبات، ئازار، نیسان و ئایاری 2005 بریتی بووە لە: دوو ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار کە لە وەزارەتی دارایی ئیدارەی سلێمانی دابین دەکراو لە رێی مەکتەبی پەیوەندیەکانی کوردستانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیەوە رادەستی مەکتەبی دارایی حزب دەکرا. هەروەها مانگانەش بڕی چوار ملیۆن و شەش سەد هەزار و پەنجا دینار لە فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بە پێشمەرگەکانی حزبمان دراوە. واتە داهاتی مانگانە تەنیا حەوت ملیۆن و دوو سەد و پەنجا هەزار دینار بووە. بەو گوژمەیە هەم کرێی بارەگا دراوە، هەمیش هەفتەنامەی **رۆژی گەل**ی پێ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، هەمیش یارمەتی پێشمەرگەکان و ژمارەیەک کادری لێدابین کراوە.

دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو مانگانەی کە ئاماژەمان پێکرد، مووچەی سکرتێری گشتی 250 هەزار دینار، مووچەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی 350 هەزارو

مووچەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی 300 هەزار دینار بووە. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیش مانگانە 150 هەزارو جێگرەکانیش 100 هەزار دیناریان پێدراوە.
دواتر لە مانگی ئایاری 2005دا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێی بەڕێوەبەرێتی کاروباری رێکخراوەکانەوە مووچەی بۆ 15 ئەندامەکەی سەرکردایەتی حزبمان دابین کرد، کە گوژمەکەی سێ ملیۆن و پێنج سەدو شەست و شەش هەزار دینار بووە، ئیدی مووچەی ئەندامانی سەرکردایەتی زیادکرا، بەڵام مووچەی سکرتێری گشتی لەو مانگەشدا هەر 250 هەزار دینار بوو. مووچەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی بوو بە 825 هەزار دینار، مووچەی ئەندامانی مەکتەبی دیکەی مەکتەبی سیاسی کرا بە 726 هەزار دینار. هەروەها باقی ئەندامانی دیکەی مەکتەبی سیاسی ئەو مووچەیان پێدرا کە رێکخراوەکان دابینی دەکرد.
لە مانگی حوزەیرانی 2005 ئەو بودجەیەی کە وەزارەتی دارایی دابینی دەکرد کرا بە چوار ملیۆن دینار، هەروەها مووچەی رێکخراوەکانیش بوو بە پێنج ملیۆن و نۆسەدو سی و چوار هەزار دینار، کەواتە بودجەی تێکڕایی حزبی رزگاریی کوردستان بوو بە چواردە ملیۆن و چوار سەدو هەشتاو چوار هەزار دینار. ئیدی مووچەی ئەندامانی سەکردایەتی گۆڕانی بەسەر داهات. ئەو مووچەیەی لە رێکخراوەکانەوە دەهات یەکسەر دەدرا بە ئەندامانی سەرکردایەتی، بەڵام کارگێڕ و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەهۆی پلەکەیان و دەوامکردنیانەوە لە بارەگا بڕی 300 هەزار بۆ هەریەکەیان خرایە سەر ئەو مووچانەی کە رێکخراوەکان دابینی دەکرد.
ئەو شێوازی مووچەیە پێڕۆ دەکرا تا مانگی ئابی ساڵی 2007، ئیدی لەسەر پێداگری هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی، لەمانگی ئەیلولی 2007 بڕی 200 هەزار دینار بۆ هەریەکە لە سێ ئەندامەکەی م.س زیاد کرا. ئەو شێوازە تا مانگی دوازدەی 2007 کاری پێکرا، دواتر بەهۆی کەمکردنەوەی بودجە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی کە هەڤاڵ عومەر، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی، ماوەی یەک ساڵ مۆڵەتی وەرگرت و بەرەو ئەوروپا رۆیشت، بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ کەمکردنەوەی بودجە، لە مانگی یەکەمی 2008 بڕیارمان دا کە بڕی 500 هەزار دینار لە مووچەی هەریەکە لە هەڤالان رێکار ئەحمەد، سکرتێری گشتی و عومەر حەسەن کارگێڕی مەکتەبی سیاسی ببڕدرێ و بخرێتەوە ناو داهاتی حزب، هەروەها مووچەی هەڤاڵ چالاک کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو لە دەرەوە دەژیا بکرێ بەنیوە، بەڵام مووچەی ئەندامانی دیکەی سەرکردایەتی وەک خۆیان مانەوە. ئەو شێوازە تا مانگی حوزەیرانی 2008

کاری پێکرا، ئیدی لەو مانگەدا هاویژبوون روویدا، دوو هەڤاڵی مەکتەبی سیاسی (هۆشیار عەبدولڕەحمان و فەهمی محەمەد) دەستیان بەسەر بودجەدا گرت، بەوهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامی سەرکردایەتی و تەواوی کادران کە لەگەڵ ئەواندا نەبوون، بێ مووچە مانەوە.

ئەو دوو هەڤاڵەی مەکتەبی سیاسی پێش ئەوەی دەست بەسەر بودجەی حزب دابگرن، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە بودجەیان وەرنەگرتووە، بەوهۆیەشەوە دەیانویست پێوەندی نێوان حزبی رزگاریی کوردستان و مەکتەبی پەیوەندیەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تێکبدەن و بەرەو ئاڵۆزی ببەن، بەڵام دوای ئاشتبوونەوەمان، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکانی کوردستانی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەبەردەم ئەواندا ئاشکرای کرد کە ئەوان بودجەی حزبی رزگاریی کوردستانیان نەبڕیبوو، بەردەوام بەو دوو هەڤاڵەیان داوە، ئەوانیش هیچیان بۆ نەمایەوە راستیەکەیان سەلماند. کەواتە هەشت مانگ بەر لە هاویژبوون ئەو دوو هەڤاڵە هەر مانگی چوار ملیۆنیان لە بودجەی حزب وەرگرتوەو لە حزبیان شاردۆتەوە، هەروەها لەماوەی 11 مانگی دابڕانیش نزیکەی 220 ملیۆن دیناریان وەرگرتوەو ناشزاندرێ چۆن سەرفیان کردوە!

لەمانگی حوزەیرانی 2008 تا مانگی ئایاری 2009 وێڕای ئەوەی بارەگای مەکتەبی سیاسی لە هەولێرو نووسینگەی رۆژی گەل لە رانیەو کەرکوک بە کرێبوون و هەفتەنامەی رۆژی گەل دووهەفتە جارێک دەردەچوو، مووچەی هەندێک کادرو ئەندامی سەرکردایەتیش دەدرا، بەڵام حزبی رزگاریی کوردستان هیچ داهات و بودجەیەکی نەبوو، بۆیە هەڤاڵ رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی ناچار بوو کە بەهەر شێوەیەک بێ مانگانە نزیکەی 12 ملیۆن دینار دابین بکات. هەڵبەت لەو بەستێنەدا دەبێ سوپاسی ئەو کەسە نیشتمانپەروەرانە بکەین کە لەو ماوەیەدا لە بواری داراییدا هاوکاریان لەگەڵ هەڤاڵ رێکاردا کردووە.

لە مانگی ئایاری 2009 کە نێو ماڵی رزگاری رێکخرایەوە، بوودجەی حزب ببوو بە 23 ملیۆن دینار، وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان بیست ملیۆن دینار دابین دەکات و ئیدارەی گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش مانگانە سێ ملیۆن دیناری تەرخان کردوە. ئیدی لەو مانگەوە بڕیاردرا تا پێکهێنانی سێهەمین کۆنگرەی حزب، سیستەمێک بۆ مووچەی ئەندامانی سەرکردایەتی پێڕۆ بکرێ، کە بەم شێوەیە بوو:

سکرتێر و ئەندامانی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی کە لە بارەگا دەوام دەکەن، یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار، ئەوەی لە بارەگا دەوام ناکات 500 هەزار دینار. بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئەوانەی لەبارەگا دەوام دەکەن 500 هەزار دینار و ئەوانەی دەوام ناکەن 250 هەزار دینار. هەروەها بۆ کۆمیتە پارێزگاکانیش بەم شێویە بڕیاری لەسە درا:
مووچەی بەرپرسی کۆمیتەی پارێزگا 250 هەزار دینار، کارگێڕانی کۆمیتەی پارێزگا 150 هەزار دینار، کادرانی دیکەش تەنیا 100 هەزار دینار.
دەبێ بگوترێ کە هەڤاڵان (هۆشیار عەبدولڕەحمان و فەهمی محەمەد) مووچەی یەک ملیۆن و نیویان پێکەم بوو، بۆیە لەو پارەیەی کە بۆ مەسروفاتی بارەگای سلێمانی داندرابوو، بریتی بوو لە یەک ملیۆن و نیو، ئەوان هەریەکەیان نیو ملیۆن دیناریان دەبرد، هەروەها (فەهمی محەمەد) بەبیانۆی ئەوەی کە لە خانووی کرێدایە، مەکتەبی دارایی ناچارکردبوو کە مانگانە 300 هەزار دیناری زێدە وەربگرێ، کەواتە موچەی مانگانەی هۆشیار عەبدولڕەحمان بریتی بووە لە 2000000 دوو ملیۆن دینار، هەروەها موچەی فەهمی محەمەد بریتی بووە لە 2300000 دوو ملیۆن و سێسەد هەزار دینار. لەلایەکی دیکەشەوە هەر لە بودجەی حزبدا، خێزانی فەهمی محەمەد وەک کادر سەپێندرابوو، مانگە 250 هەزار دیناری بۆ بڕابۆوە، خوشکەکەی هۆشیار عەبدولڕەحمانیش وەک کادر سەپێندرابوو، مانگانە 200000 دووسەد هەزار دیناری وەردەگرت. سەرباری ئەوانەشەوە، ئەو دوو کەسە زۆر دژایەتی ئەوەیان دەکرد کە بۆچی هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد لە مووچەکەی خۆیدا هاوکاری کادران و هەڤاڵانی دیکە دەکات. بەوەشەوە زۆر نیگەران و هەراسان بوون، هەوڵیان دەدا کە کادران بتەکێنەوەو واز لە حزب بهێنن!
ئەگەر لەو بودجەیە ورد بینەوە، دەبینین کە بودجەی حزبی ڕزگاریی کوردستان زۆر زۆر کەمەو پێداویستیەکانی پڕناکاتەوە، لە شاری هەولێر بارەگای مەکتەبی سیاسی و بارەگای مەکتەبی ڕاگەیاندن، لە سلێمانی، بارەگای سلێمانی، هەروەها نووسینگەی هەفتەنامەی ڕۆژی گەل لە شارەکانی کەرکوک و ڕانیەدا هەن و هەمووشیان لە خانووی کرێدان، هەروەها هەفتەنامەی ڕۆژی گەل و ماڵپەڕی ڕزگاریش بەردەوامن و ستافی خۆیان هەیە. ئێمە لێرەدا لە سەر سەکۆی سێهەمین کۆنگرەدا داوا لە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە چاوێک بە سیستەمی بودجەی حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان بخشێنێتەوە، لانی کەم هاوسەنگی

لەنێوان بودجەی ئەو لایەنانەدا دروست بکات کە کورسیان بەدەست نەهێناوەو نەگەیشتوونەتە پەرلەمان.

# راپۆرتی راگەیاندن

هەڤالانی هێژا! سەرەتا بە ناوی مەکتەبی راگەیاندنی حزبی رزگاریی کوردستانەوە بەختەوەرین کە ئێستا لە سەر سەکۆی سێهەمین کۆنگرەدا راپۆرتی مەکتەبی راگەیاندن پێشکەش بە ئێوەی بەرێز و خۆشەویست دەکەین.

هەڵبەت دەزانن کە راگەیاندنی حزبی ئێمە خۆی لە هەفتەنامەی رۆژی گەل و ماڵپەڕی رزگاری و ئەو بڵاوکراوانەدا دەبینێتەوە کە لە ماوەی رابردوو درێژەی پێداون.

هەفتەنامەی رۆژی گەل وێڕای ئەوەی کە حزبمان بودجەی تایبەتی بۆ تەرخان کردوە، بەڵام وەک هەفتەنامەیەکی سەربەخۆ رەفتاری کردوە، ویستویەتی کە دەنگی راستەقینەی خەڵکی کوردستان بێ. هەر لەبەر ئەوەش بووە کە لەسەر هەفتەنامەی رۆژی گەلدا نووسراوە کە هەفتەنامەکەمان تەنیا لە رۆژەڤدا بەرپرسیارە، دەنا نووسەران خۆیان لە بابەتەکانیاندا بەرپرسیارن. ئەوەش وایکردوە کە رۆشنبیران و خوێنەران بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هەفتەنامەی رۆژی گەل بکەن.

تا ئێستا 234 ژمارە لە هەفتەنامەی رۆژی گەل چاپ و بڵاوکراوەتەوە. وێڕای ئەوەی کە ئێمە لە مەکتەبی راگەیاندن زانیومانە کە حزبی رزگاریی کوردستان بودجەیەکی کەمی هەیە، بەڵام دیسانیشەوە سوپاسی سەرکردایەتی دەکەین کەبەردەوام هاوکاریان لەگەڵدا کردووین. هەروەها ماڵپەڕی رزگاری کە لە ساڵی 1999 لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتدا دامەزراوە، هەوڵی داوە کە هەم رامان و

بۆچوونـەکانی حـزب بـە خوێنـەران بگەیـەنێ هـەمیش هـەوڵ و ڕووداوی گرنـگ و چارەنووسساز بڵاو بکاتەوە.
ماڵپەڕی رزگاری دەیتوانی باشتر کار بکات، بەڵام بەهۆی خراپی هێڵەکانی ئینتەرنێت لە کوردستان و بەهۆی کەمدەرامەتی مەکتەبی ڕاگەیاندن نەیتوانیوە وەکو پێویست بەئەرکی سەرشانی خۆی هەڵبستێ و باشتر گەشە بە ماڵپەڕی رزگاری بدات. ئێمە لەسەر سەکۆی کۆنگرەدا داواتان لێدەکەین کە هەر هەمووتان پشتیوان و هاوکارمان بـن تـا بتـوانین لـە ئەرکـەکانی سەرشـانماندا سـەرکەوتووبین، بەتایبـەتیش ئەگـەر مەکتـەبی ڕێکخسـتن هاوکاریمـان لەگەڵدا بکات و وابکات کـە پشـت بـەو هەواڵانـەوە ببەستین کە ڕێکخستنەکان رەوانـەی دەکـەن، چونکـە بـەهۆی کەمداهاتیـەوە نـاتوانین پـەیامنێرو هـەواڵنێر لـە هـەموو شـارو شـارۆچکەکاندا دابمـەزرێنین و مووچـەیان پێبدەین.
لەلایـەکی دیکـەوە حـەز دەکـەین پێتانڕابگەیـەنین کـە بـۆ دامەزراندنـەوەی رادیـۆی رزگـاری داوای مۆڵـەتمان لـە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان کـردوە، هیواخـوازین هـەرکاتێ مۆڵەتەکـەمان وەرگـرت بتـوانین دایبمـەزرێنین و بەرنامەکانی پەخش بکات، چونکـە مەکتـەبی ڕاگەیاندنی حزبمـان ئـەزموونێکی زۆری لەگەڵ رادیۆو تەلەفزیۆندا هەیە، کاتی خۆی رادیۆی رزگاری بۆ مـاوەی 12 سـەعات بەرنامەکانی خۆی پەخش دەکرد، بەڵام لەبەر هۆکارگەلێک کە پەیوەندی بە رەوشـی ناوخۆی کوردستان و حزبی رزگاری هەبووە، ماوەیەکی درێژە ڕاگیراوە.
وێڕای هەفتەنامەی رۆژی گەل و ماڵپەڕی رزگاری، مەکتەبی ڕاگەیاندن هـەوڵی داوە لە ڕووداوەکاندا دوا نەکەوێ و لەکاتی پێویستدا ڕاگەیاندن دەربکات و رامـانی حـزب بە ڕای گشتی بگەیەنێ.
لەکۆتاییدا هیوادارین کە هەموومان پێکەوە ڕاپۆرتەکان هەڵبسەنگێنین و پەنجە بخەینە سەر ئەو هۆیانەی کە بونەتە ڕێگرو ئەو هۆیانەشی کە دەبنە هۆکاری پێشکەوتن.
لەکۆتاییدا جارێکی دیکەش سوپاستان دەکەین.